

## سەلاح محەمەد:

# کۆیە بناغەی مەقامات و هونەر بووە، کە حەزیشم لە گۆرانی بوو، زۆر گوێم بە فێربوونی ئامێرێک نەدا.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٣ - ٥)

* هونەرمەند سەلاح محەمەد ئیبراهیم کۆیی، کە لەناو خەڵکیدا بە سەلاح محەمەد ناسراوە، منداڵانی کوردیش بەهۆی کلیپەکانی بۆی کردوون، بە مام عەولا دەیناسن و ئەو نازناوەی وەرگرتووە. ئەم هونەرمەندە گۆرانیبێژێکی ڕوحسووک و لەبەر دڵانە، لە هەر کۆڕ و مەجلیسێکدا ئامادە بێ، دەبێتە گوڵی ئەو دانیشتنە و بە دەنگە خۆشەکەی کە مۆرکی گۆرانی و مۆسیقای دەڤەری کۆیەی پێوەیە، یان بەهۆی گۆرانییە ڕەسەنەکانی، سەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لەبەر ئەوەی زۆر دیوانی شاعیرە کۆن و نوێیەکانی خوێندووەتەوە، شیعری زۆر ئاوازە و دەگمەن و دانسقە بۆ گۆرانییەکانی هەڵدەبژێرێ. لە پای ئەوەی زۆر گوێی لە ئاواز و میلۆدییە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی گرتووە، بۆیە قورگ و دەنگێکی ڕەسەنی هەیە و ئاوازی ڕەسەن نەبێ نایڵێ و بە قورگیدا تێناپەڕێ، وێڕای ئەوەش لە هەڵبژاردنی ئاواز و میلۆدییەکانی زۆر ورد و بە سەلیقەیە، ئەوەی لەگەڵ چڕین و قورگی ئەو نەگونجێ، خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

* لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە، زۆر منداڵ بووە کە بووەتە جێی سەرنجی مامۆستا و قوتابییەکانی پۆلی یەک و دوو و سێ، بۆیە لەو پۆلانەدا بەردەوام دەریان هێناوە و سروود و گۆرانییان پێ گوتووە و مامۆستایان: بیلال بەهائەددین و باکووری زۆر بایەخیان پێ داوە. لەگەڵ دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی، لە ساڵی ١٩٥٧، م. باکووری بە دوایدا دەنێرێ

تا بچێتە پاڵ تیپەکەیانەوە کە خۆی سەروکاری کردووە، هەر ئەوکاتەش کە تەمەنی لە (١٢) ساڵان تێنەپەڕیوە، بە (گۆرانیبێژ) وەری دەگرن، هەر لەو ساڵەوە لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی وەک: (سێوە) و (باکووری) و (عەدنان جەمال)، لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و ئاهەنگەکاندا بەشدار بووە.

* تیپی باواجی کۆیە تا ساڵی ١٩٦٣ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای ئەو ساڵە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە شاری کۆیە شڵەقاوە و سیاسەتی ئاگر و ئاسن و کوشتوبڕیان لەگەڵ پەیرەو کردووە، لەو ساڵە بەدواوە چرای هونەر لە شارەکەدا دەکوژێتەوە، لە سەرینی ئەو ناسەقامگیرییەوە م. باکووری کۆیە بەجێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە شاری هەولێر، لەولاشەوە زاهیر محەمەد و مەلا ئەنوەر تاهیر بۆ خوێندن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەرەو بەغدا دەڕۆن، بەم جۆرە ئەندامانی تیپەکە پەرتەوازە دەبن، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ کە تیپەکە دەبووژێتەوە و دەکەوێتەوە چالاکی نواندن، ئەو هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٧٢، یەکەم گۆرانی لەگەڵ ئەو تیپە، بۆ ئێزگە و تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار دەکات، ئەو گۆرانییەی بەناوی (بازان باز قەتار، قولینگان هەوایی) بوو، کە من لەبیرمە پێشوازییەکی زۆر باشی لێ کرا.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد لە ساڵی ١٩٧١، بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە شارۆچکەی گەلاڵە، کە ئەوکاتە لە دەڤەری باڵەکایەتی لە بارەگای هێزی باڵەک بووە، لیژنەیەک بۆ ئەو یادە نەتەوەییە پێک دەهێنن، بەرپرسەکان بەبێ ئاگاداری خۆی، کردبوویانە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە، چونکە زانیویانە هونەرمەندە و دەنگی خۆشە و گۆرانی و سروود دەزانێ، هەرچەندە خۆی زوو هەستی کردووە نەبوونی تیپێکی مۆسیقا لەو ناوچەیەدا کەلێنێکی گەورەیە،



سەلاح محەمەد- ئازاد عەبدولواحید

بۆیە ئەو ساڵە بۆ ڕاییکردنی یادکردنەوەکە کۆرسێکی باش لە قوتابیانی پۆلی (٥) و (٦)ی سەرەتایی دروست دەکا، کە زۆربەیان کەسانی دەنگخۆش و بەهرەدار بوون، ئەو تیپە کە ناوی نەبووە، بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە توانیویەتی بەبێ مۆسیقا، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆر، سەرکەوتووانە کارەکانی پێشکەش بکا، کە تا ئەمڕۆش هەندێ لە ئەندامانی ئەو تیپە و کۆرسەکەی ماون.

* ساڵی ١٩٧٢ کە وەزیفەکەی بۆ شاری کۆیە دەگوێزرێتەوە، بووەتە بەرپرسی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆریی لاوان، کە سەر بە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٦- ١٩٨٠ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تێهەڵدەچێتەوە، هەر لەو ساڵانەدا (٣) گۆرانی بەناوەکانی: (خەجێ، جوانیی کوێستان، درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە) تۆمار دەکات، ئەو گۆرانیانەش کە لە ئامادەکردنی هونەرمەند وریا ئەحمەد بوون، بە فراوانی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە و دەبنە وێردی سەرزاران. ساڵی ١٩٩١ گۆرانی (ئەوە هات، کە من هۆگر بە تۆ بووم) و سروودەکانی (لاوەکان، گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی، کە من هۆگر بە تۆ بووم، وڵاتی من کوردستانە، مەقام و سروودی هەی

لێ لێ وەی لۆلۆ)ی تۆمار کردووە، کە دوانیان هۆنراوەی خۆی و ئەوانی دی هۆنراوەی هێمن و عەونی و لالۆ ڕەنجدەر بوون، خۆشی ئاوازی بۆ داناون، هەر ئەوکاتە لەگەڵ تیپی باواجی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، بەشداری چەندان فیستیڤاڵی گۆرانی کردووە. ساڵی ١٩٨٠ دوو گۆرانی بە ناوەکانی (مانگەشەو) و (بەناز دێ) پێشکەش دەکا، یەکەمیان ئاوازی زاهیر محەمەد و دووەمیان ئاوازی فۆلکلۆر بوو، دوای ڕاپەڕین لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی بەناوی (وەرزی مەقام) بە سی دی CD، هەشت تراک بڵاو دەکاتەوە.

* لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕوو دەکاتە خزمەتکردنی هونەری بێنازی منداڵانی کورد، بۆ ئەو مەبەستە تیپێک بەناوی (تیپی مۆسیقای سۆمای منداڵان) دادەمەزرێنێ، دوای ئەوەی هەست دەکا منداڵانی کورد هونەری تایبەت بە دنیای خۆیان زۆر کزە و پشتگوێ خراوە، هەر ئەو ساڵە یەکەم بەرهەمی بۆ منداڵان بەناوی (دێوەرە) تۆمار دەکات. ئەم هونەرمەندە تا ئەمڕۆ لە کارکردن بۆ منداڵە چاوگەشەکان بەردەوامە، نزیکەی (٢٠) کلیپی بۆیان بەرهەمهێناوە، ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەیەوە، ناوی مام عەوڵا لەناو منداڵانی کورد لە سەرتاپای کوردستان بووەتە ناوێکی درەوشاوەی ناسراو و ئاشنا پێیان، تەنانەت گەورەکانیش گوێی لێ دەگرن و زۆر چێژ لە کار و بەرهەمەکانی بۆ منداڵان کردوویەتی دەبینن.

* مام عەوڵا وەک هونەرمەندێکی هۆشیار، بۆ ئێستا و ئایندە، هەستی بە دەوری گرنگی منداڵان کردووە، بۆیە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە هەموو توانایی هونەریی خۆی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، لەو سۆنگەیەوە بایەخێکی تایبەتی بە هونەرەکەیان داوە و کاتێکی زۆری بۆ داناون تا بە بەردەوامی منداڵە ئازیزەکانمان بەسەر بکاتەوە.

ئەگەر گۆرانی بە گشتی، گۆرانی منداڵانیش بە تایبەتی، لە (٣) کۆڵەکەی گرنگ و سەرەکی پێکهاتبێ کە بریتین لە (شیعر، ئاواز، چڕین = گوتن)، ئەوە بەهۆی سەرکەوتنی ئەو (٣) ڕەگەزەوە، منداڵان ڕاستگۆیانە پێشوازییان لە هونەرەکەی مام عەوڵا کردووە، بۆیە خێرا گۆرانییەکانی لەبەر دەکەن و دەیڵێنەوە. هەر کاتێک هونەرمەندی بواری منداڵان ئاستی کارە هونەرییەکەی خۆی بە بەرزی ڕاگرت و وەک هونەرێکی پاک و باڵا هێشتییەوە، بێگومانین (٣) ڕەگەزە گرنگەکەی سەرکەوتنی کارەکەی بە جوانی بەجێ گەیاندووە، ئەوکاتە دەتوانێ هزر و بیر و هۆشیاریی منداڵان گەشە پێ بدات و کارێکی ئەوتۆ بکا منداڵان هونەرەکەیان خۆش بوێ، بۆیە ئەو منداڵانە لەگەڵ منداڵانی دی جیاوازتر و هۆشیار و چاوکراوەتر دەردەکەون.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد وەک کوردێکی خاوێنی خاوەن هەڵوێست، هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول، پشتگیری لە شۆڕش کردووە و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٦٨ بووەتە ئەندامی پارتی و تا ئەمڕۆ لەو بیروباوەڕەی خۆی دانەبڕاوە، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کورستانەوە کردووە، دوای دەرچوونی بڕیاری گرتنی لەلایەن حکوومەتی ئەوکاتەوە، ڕووی کردووەتە شاخ، سەرەتا لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کاری کردووە، لە بارەگای هێزی باڵەک بووەتە نووسەر، تا لە ساڵی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی چۆمان بە نووسەر دامەزراوە، دوایی بۆ شاری کۆیە گوێزراوەتەوە.

* ئەم هونەرمەندە بێجگە لە گۆرانی گوتن، حەزی لە کاری شانۆییش بووە، ساڵی ١٩٧١

کـە ویسـتوویانە بەبۆنـەی جەژنـی نـەورۆز لـە ئاهەنگەکەیانـدا شـانۆیی کاوەی ئاسنگەر پێشکەش بکـەن، سـەرەتا سـەردار بـێ بەخـت ڕەوانـدزی ویسـتوویەتی شـانۆییەکە دەربهێنـێ، بـەڵام ئـەو و سـەڵاح محەمـەد و ئەکتـەر و بەشـداربووەکانی شـانۆییەکە، کـە مامۆسـتا و قوتابـی و کەسـانی دانیشـتووی شـارۆچکەی گەڵاڵـە بـوون، هیـچ کامێکیـان سـەریان لـە کاری شـانۆیی و دەرهێنـان دەرنەچـووە، بۆیـە لە سـەرەتاوە هەسـتیان بە لاوازی و کەموکووڕییەکانـی کارەکەیـان کـردووە، لـە کاتـی پرۆڤەکردنـدا لـە قوتابخانـەی سـانەویی گەڵاڵـە، لـە پـڕ کەسـێک خـۆی بـە هۆڵـی قوتابخانەکەدا کردووە، کـە سـەیری پرۆڤـەی شـانۆیی کاوەی ئاسـنگەری کردووە، پێیـان دەڵـێ ئـەو کارەتـان بـۆ نمایش زۆر لاوازە، سـەڵاح محەمەدیـش ڕاشـکاوانە پێـی دەڵـێ ئـەوان هیـچ لـە دەرهێنانـی شـانۆیی نازانـن. ئـەو پێیـان دەڵـێ ئەگـەر بۆتانـی ڕێـک بخـەم و جوانـی بکـەم پێتـان چۆنـە؟ ئـەو خۆشـحاڵی خـۆی بـۆ پێشنیارەکەی دەردەبڕێ و بۆ ئەو دەستپێشـخەرییەی سپاسـی دەکا، تەنانـەت داوای لـێ دەکات خۆشـی لـە شـانۆییەکەدا بەشـدار بـێ، بۆیـە دوای دوو ڕۆژ ماندووبـوون شـانۆییەکەیان بـۆ دەردەهێنـێ و خۆشـی دەوری کاوەی ئاسـنگەری تێـدا دەگێـڕێ، لـە تـەک شـانۆییەکەدا شـیعرێکی کوردانـەی پـڕ جۆشوخرۆشیش دەخوێنێتـەوە، سـەردار بێ بەخت کـە دەیویسـت دەری بهێنـێ، دەوری (زوحـاک)ی تێـدا دەگێـڕێ، بـەم شـێوەیە زۆر سـەرکەوتووانە شـانۆیی کاوەی ئاسـنگەر نمایـش دەکـرێ، تەنانـەت بینـەران و ئامادەبووانـی ئاهەنگەکـە وا دەزانـن ڕووداوەکان ڕاسـتین و لەپێـش چاویـان ڕوو دەدەن، لەپاش ئـەوەی ئـەم هونەرمەندەمـان بـۆ ئـەو گیانی لەخۆبوردوویی و هـاوکاری کردنـەی سپاسـی دەکات، لێـی دەپرسـێ تـۆ لـەو نـاوە چ کارەی؟ ئەویـش پێـی دەڵـێ مـن مامۆسـتام و لـە گونـدی (دێڵـزێ)ی باڵەکایەتـی دامـەزراوم و نـاوم (حەمەڕەشـید هەرەس)ـە، ئێسـتا و ئێسـتاش سـەڵاح محەمـەد مـەراق لـەوە دەخـوا کە لـەو ڕۆژەوە تـا ئەمڕۆ چاوی بـە چـاوی ئـەو هونەرمەنـدە نەکەوتووەتـەوە، تەنیـا لـە ڕێگـەی تەلەڤزیۆنـەوە سـەیری کارە جوانەکانـی کـردووە.

* دوا بـەدوای ئـەوەی ئـەو ئەزموونـە سـەرەتاییە پێشـکەش دەکـەن، سـاڵی ١٩٧٣، شـانۆگەری بیـری ئـازاد- الفکر الحر، یەکـەم جـار لـە کۆیـە لەسـەر شـانۆ پێشـکەش دەکـەن، کـە لـەو شـانۆگەرییەدا دەوری (بـاوک)ی بینیـوە، دواتـر لـە تەلەڤزیۆنـی بەغـدا تۆمـار کـراوە، چەنـد جارێـک لـە تەلەڤزیۆنـی کەرکـووک پێشـان دراوە، دواتـر وەک گۆرانبێـژ و ئەکتـەر لـە (٥) شـانۆگەریدا لەگـەڵ هونەرمەنـدان: ئەحمـەد سـالار و ئەرسـەلان دەروێـش و هیـوا سـوعاد و ژیلـوان تاهیـر بەشـداری کـردووە، لەوانـە (ئەوانـەت تونی بابا چوون) و (گەمـەی شا و پاشای گەمـە) و (دەفـرێ و نافـرێ) و (شـاری ئەویـن) و (شـەوچەرە) دا دەوری هەبـووە، کـە (٤) دانەیـان لـە نووسـینی ئەحمـەد سـالار و دانەیەکیـان لـە نووسـینی تەڵعـەت سـامان بـووە، یەکـەم و پێنجەمیـان دەرهێنانـی ئەرسـەلان دەروێـش و ئەوانـی دی هـەر دەرهێنەرێـک دانەیەکیانـی دەرهێنـاوە، کـە ئەویـش وەک ئەکتـەر و گۆرانیبێـژ بەشـداری لـەو شـانۆگەریانەدا کـردووە.

* جارێکـی دی لـە سـاڵی ١٩٧٤ بـە خێزانـەوە پێوەنـدی بـە شـۆڕشـی ئەیلوولـەوە کـردووە و لـە بەتاڵیۆنـی چواری دەشـتی هەولێـر کە بەرپرسـەکەی (سـمکۆ عەلی) بووە، بووەتە برینپێچ، هاوسەرەکەشـی کـە لـە گوندەکانـی دەشـتی کۆیـە یـاوەری بـووە، لـە هەمـوو ڕۆژە سـەخت و ناخۆشـەکانی ژیانی، لەگەڵـی بەشـدار بـووە و ناخۆشـییەکانی لەگـەڵ بـەش کردووە. لەپـاش نسـکۆی شـۆڕش، لـە سـاڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە

شارەکەی کۆیە و وەک کوردێکی پاک و دڵسۆزی کوردستانەکەی، نە لە نزیک و نە لە دوور لە ڕژێم نزیک نەبووەتەوە و هاوکاری نەکردووە، تا ڕۆژی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە خۆی و کوڕە گەورەکەی لە ڕزگارکردنی کوردستاندا بەشدارییان کردووە.

* هونەرمەند سەڵاح محەمەد کە شارەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێ، توند بە ژینگە و دەوروبەرەکەیەوە نووساوە، بۆیە زۆر لە خەمی ئەوەدا بووە مەقام و بەستە و گۆرانییەکانی کۆیە ببووژێنێتەوە، بە تایبەتیش ئەو گۆرانیانەی کەمتر گوتراون و لایان لێ کراوەتەوە، یان هێشتا تۆمار نەکراون. زۆر مەبەستی بووە شێوازی گوتنی مەولوودی پێغەمبەر کە هۆنراوەکەی پەخشانە و هی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیە، بایەخی زۆرتری پێ بدرێ، چونکە شێوازەکەی زۆر هونەرییە و تاموچێژێکی تایبەتی هەیە. لەسەر (کەبار)یش وەستاوە، کە بەیانیان پێش بانگدان، بە زمانی شیرینی کوردی و بە مەقامێکی تایبەتی گوتراوە، هەروەها مەقام و گۆرانی پێکەوە گوتووە، بە تایبەتی ئەگەر پێنج خشتەکی بووبێ، (٣) دێڕی یەکەم بە مەقام، (٢) دێڕەکەی دیکەشی بە گۆرانی گوتراوە، لە هەمان کاتیشدا بەیتی یەکەمی شیعرەکە بە مەقام و بەیتی دووەمیشی بە گۆرانی گوتراوە، ئەو ڕای وایە ئەو جۆرە گوتنە لە دەڤەری کۆیە زۆر باوە.

* ئەم هونەرمەندە توانیویەتی بە باشی ئەرکە مێژوویی و نەتەوەییەکەی سەر شانی جێبەجێ بکات، بۆیە لە ڕێگەی دوو تیپەوە (سۆما) و (مام عەوڵا)ی تایبەت بە منداڵان، پەیامە هونەرییەکەی خۆی بگەیەنێ، چونکە زانیویەتی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک لە زۆر بواردا خاوەنی کەلەپووری تایبەت بە خۆیەتی و یەکێکە لەو میللەتانەی فۆلکلۆر و کەلەپوورێکی ڕەسەن و دەوڵەمەندی هەیە، بە تایبەتیش لە بواری هونەری گۆرانیدا، لەناو ئەو هونەرەشدا، هونەرێکی دەوڵەمەندی منداڵانی هەیە، بۆیە ئامانجی گەورەی ئەوە بووە منداڵانی کورد بەو هونەرە ڕەسەنە گۆش بکرێن تا گوێچکەیان بەو میلۆدیانە پڕ بکرێ کە لە باوک و باپیران و دایک و داپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە.

* پێویستە منداڵانی کورد لەلایەن لێزان و پسپۆڕانەوە لەسەر ئەو ئاوازانە، هەروەها لەسەر شایی و هەڵپەرکێ تایبەتەکان بە کورد، ڕابهێنرێن و مەشقیان پێ بکرێ، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە و لەبیر نەکرێن و نەفەوتێن، یان هەوڵی داوە لەپاڵ هونەری منداڵانەوە یارییە ڕەسەنەکانی کوردەواری زیندوو بکرێنەوە، کە بەلامەوە بایەخدان بەو بوارانە، بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی لەپێشینەیە، بەشێکی گرنگە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، ئەوە هاندانی منداڵانە بۆ برەودان بە هۆشیاری نەتەوەیی و جۆشدانی هەستی کوردایەتی، کە لەلای ئەو هونەرمەندە پاراستنی کەلەپوور و فۆلکلۆری میللەتەکەی، بۆ هێشتنەوە و ڕزگارکردنیان لە فەوتان و لەناوچوون، بە بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکە زانیوە کە سنگ بە سنگ و نەوە دوای نەوە ئەو ئاواز و هەڵپەرکێ و یارییە فۆلکلۆریانەیان بۆ پاراستووین و تا ئەمڕۆیان هێناوە.

* کورد کە زۆر گۆرانیی فۆلکلۆری تایبەت بە منداڵانی خۆی هەیە، هونەرمەند سەڵاح محەمەد چەند دانە گۆرانییەکی لەوانە زیندووکردووەتەوە و سەرکەوتنیشی تێدا بە دەست هێناوە لەوانە: (دێوەرە، شەموله- بووکە بەبارانێ، ئەللول بەللول، کۆڵێ کۆڵێ، ئاغا ناردی لۆ مەڕەکی) و چەندانی دیکە، کە لە گۆرانی فۆلکلۆریی منداڵاندا یاری تایبەتیان لەگەڵ دەکرێ. لەلای ئەو هونەرمەندە پێناسەی هونەری سەرکەوتووی منداڵان ئەو هونەرەیە کە منداڵان دەورووژێنێ، تا هەست بکەن ئەو گۆرانییە تایبەتە بە ئەوان

و بۆ ئـەوان گوتـراوە، هـەروەک دەبـێ لـە کاتـی گوتنـی گۆرانییەکـەدا منـداڵان بخاتـە هەڵەکـە سـەما و هەڵپەڕیـن، تـا ئـەو ڕادەیـەی بیانخاتـە جۆشـوخرۆش کـە سـنوورەکانی شـەرم بشـکێنن و لەگـەڵ یەکـەم گوێگرتـن لـە گۆرانییەکـە، فێـری گوتنـەوەی بـن و وشـەکانی شـیعری گۆرانییەکـە بـە باشـی بڵێنـەوە.

* منـداڵان چـاو لـە گـەورەکان دەکـەن، کـورد دەڵـێ: (گـەورە ئـاو دەڕێـژێ، بچـووک پێـی لـێ دەخشـێنێ)، منـداڵان لـە گەورەکانـەوە فێـر دەبـن و لێیـان وەردەگـرن، ئەگـەر پەروەردەیەکـی بـاش و زانسـتیانە بکرێـن، داهاتوویەکـی گـەش چاوەڕێیانـە و بـۆ کۆمەڵەکەیـان کەسانی بەکەڵکیـان لـێ دەردەچێ کـە بـۆ وڵات و گەلەکەیـان خێـر بدەنـەوە. بایەخدان بـە هونـەری منـداڵان ئاسـۆی بیریـان فـراوان دەکا و کارێکـی وا دەکا کـە لـە هەمـوو بوارێکـی ژیانـدا مێشـکیان گـەورە بـێ، بۆیـە ئەوانـەی لـە بـواری هونـەری منداڵانـدا کار دەکـەن، دەبـێ شـارەزاییان لـە شـێوەی ئاراسـتە کـردن و پـەروەردەی منداڵانـدا هەبـێ، زۆر هۆشـیارانە دەقـی تایبـەت بـە منـداڵان هەڵبژێـرن، شـارەزاییان لـە هونـەر و ئـاوازی تایبـەت بـە منـداڵان هەبـێ، کـە لەپێـش هـەر شـتێکەوە دەبێ ئـەو ئـاوازە تایبەتـە، سـووکەڵە و ڕەوان بـێ و منـداڵ بـە ئاسـانی و زوو وەری بگـرێ، بـە تایبەتـی دەبـێ ڕیتمێکـی خێـرای هەبـێ. نابـێ ئـەوەش لەبیـر بکـرێ کـە هەڵبژاردنـی دەقـی شـیعر بـۆ ئاوازێکـی منـداڵان، دەبـێ ئەویـش بـۆ وەرگرتـن، پەروەردەیـی و ئاسـان بـێ، تـا منـداڵان زوو وەری بگـرن و کاریـان تێبـکا، هـەر بەهـۆی بوونـی ئـەو خەسـڵەتانەیە دەبینیـن منـداڵان گۆرانییەکانـی مـام عـەوڵا زۆر بـە شـەوق و زەوقـەوە گـوێ دەدەنـێ، بۆیـە لـە دڵـی منداڵانـدا جێگـەی خۆیـان کردووەتـەوە و چەسـپیون.

* منـداڵان بـە شـێوەیەکی گشـتی حـەز لـە ڕەنگـی بریقـەدار (بـراق) دەکـەن، بـە تایبەتـی ڕەنگـە گەرمەکانی وەک سـوور و زەرد و سـەوز کـە ئـەو ڕەنگانـە لەلایـان لەپێـش ڕەنگەکانـی دیکـەوە دێـن. یەکێکـی دی لـە هۆکارەکانـی سـەرکەوتنی گۆرانییەکانـی مـام عـەوڵا بـۆ منـداڵان ئەوەیـە کـە لـە جلوبەرگەکانـی نـاو کلیپەکانـی بـۆ منداڵان ئامـادەی کـردوون، بایەخـی بە ڕەنگیش داوە و زۆر بـە باشـی ئـەوەی بەرجەسـتە کـردووە، سـەرەڕای بوونـی ڕەنگـی زەقـی جلوبەرگەکانـی نـاو کلیپـەکان، لای لـە جلوبەرگـی فۆلکلۆریـی ڕەسـەنی کوردەواریـش کردووەتـەوە، کـە ئـەوە لـەلای خۆیـەوە زۆر سـەرنجی منـداڵان ڕادەکێشـێ، ئـەم گرنگـی پێدانـەش بـۆ ئەوەیـە منداڵان جلوبەرگی ڕەسـەنی کوردەواری بـاوک و باپیـران و دایـک و داپیرانـی خـۆی خـۆش بـوێ تـا لـە ئاهەنـگ و گەشـت و سـەیران و بۆنـە و کارە هونەرییەکانـدا بیپۆشـن، جلوبەرگـی کوردییـان نیشـان بـدرێ و پتـر لەلایـان خۆشەویسـت بکـرێ کـە ئـەو جلوبەرگانـە بـۆ کچـان و کوڕانـی کـورد لێوەشـاوەیە و زۆر جـوان لێیـان دێ، دەیـەوێ بـەو هۆیـەوە هـان بدرێـن کـە هەمیشـە بیپۆشـن و شـانازی پێـوە بکـەن.

* ئـەم هونەرمەنـدە کـە مێژوویەکـی شـکۆمەندانەی جوانـی بـۆ خـۆی تۆمـار کردووە و لەلاپـەڕە زێڕینەکانی هونـەری گۆرانیـی کـوردی و هونـەری منداڵانـی کـورد بـۆی نووسـراوەتەوە، چەنـدان بەرهەمـی ئامادەکراوی بـۆ گـەورە و منداڵانـی کـورد ئامـادە کـردووە و جـارێ تۆمـار نەکـراون، هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە بەپێـی پێویسـت لای لـێ نەکراوەتـەوە و پشـتگیری دارایـی تـەواو نەکـراوە تاکـوو سـاڵانە کارەکانـی خـۆی پێشـکەش بـە هەوادارانـی بـکات. ئێمـە لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا لەمێـژ بـوو حەزمـان دەکـرد لـە هەڤپەیڤینێکـی بەرفراوانـدا بەسـەری بکەینـەوە، ئـەوە ئـەو دەرفەتەمـان بـۆ ڕەخسـا بیدوێنیـن، هیوادارین ئـەوەی لـە هەگبەکەیـدا بـووە هێنابێتمانـە دەرێ.

**ڕامان:** خاڵـە موختـار چییـە و چیت لـە بـارەوە بیستووە؟

**سـەلاح محەمـەد:** خاڵـە موختـار بەسـەرهاتێک، داسـتانێک، سەرگوزشـتەیەک بـوو، کابرایـەک لـە سـەربازی ڕای کـردووە، چـوون خاڵـە موختاریـان گرتـووە و هێناویانـە و ڕادەسـتیان کـردووە، ئـەم بەسـەرهاتە شـتی زۆر سـەرنجراکێش و خۆشـی تێدایـە، وشـەی زۆر سـەیری تێدایـە.

**ڕامـان:** ئـەو شـتە سـەرنجراکێش و سـەیرانە چیـن؟

**سـەلاح محەمـەد:** دەڵـێ خاڵـە موختـار قوڵـی هەڵماڵـی، لـە بەختـی منـدا دەسـتی پێدا کـرد، تاڵـع سیا بـوو، ڕەشـی دەرهـاورد، ڕەوانـە کریـام بـۆ شـاری کەرکـووک، خۆشـی خۆشـیمە کـە دەمکـەن چـرووک، وشـەی چـرووک لێـرە زۆر گرنگـە، چـرووک بـە واتـای غەیـرە موسـەلەح دێ، لـە هەندێـک شـوێن دەڵێـن کابرا چرووکـە، واتـە ڕەزیلـە، چـرووک مانـای ڕەزیـل نـادات، ئێمـە هـەر گوتوومانـە ئـەو کابرایـە ڕەزیـل و قرچۆکـە.

**ڕامـان:** ئاخـر لـە هـەر ناوچەیـەک، وشـە، واژە هەڵگـری واتایەکـە.

**سـەلاح محەمـەد:** ئـەو لێـرە دەری دەخـات و دەڵـێ ڕەوانـە کریـام بـۆ شـاری کەرکـووک، خۆشـی خۆشـیمە کـە دەمکـەن چـرووک، واتـە دەمکەنـە غەیـرە موسـەلەح.

**ڕامـان:** چـرووک باتڵـە، یـان دەڵێـن فیشـەکەکە چرووکـی کـرد.

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، دەڵێـن ئـەوە چرووکـە، ئەوجـا دەڵـێ حـەوت ڕۆژ میـوان بـووم.

**ڕامـان:** تـۆ لەگـەڵ مـەلا ئەحمـەدە کـوڕ لـە چ بۆنەیەکـدا پێکـەوە گۆرانیتـان گوتـووە؟

**سـەلاح محەمـەد:** ئەوجارەی لە کۆیە تیپی مەولەوی لـە سـلێمانییەوە هـات، لـە یانـەی فەرمانبـەران ئاهەنگێکمـان گێـڕا، سێوە و مـەلا ئەحمـەد و عەدنـان جەمـال و مـن تێیـدا بەشـدار بوویـن، لـە کۆیـە ئـەو چـوار کەسـە بوویـن، لەوانـەی (سـلێمانی)ش قـادر دیـلان گۆرانییەکـی بەنـاوی ‹‹کڵپـەی دەروون›› کـە شـیعرەکەی هـی (گۆران)ـە، لەگـەڵ گۆرانـی «لەیـارەوە»ی گـوت کـە شـەماڵ سـائیب و مەرزیـە فەریقـی بـە ئاوازێکـی دی گوتوویانەتـەوە، بـەڵام قـادر دیـلان بـە ئـاوازی خـۆی ئـەم شـیعرەی خوێنـد.

**ڕامـان:** کێـی دیکـە لـە سـلێمانییەوە هاتبـوو و گۆرانـی گـوت؟

**سـەلاح محەمـەد:** بۆخۆیـان بـە کـۆرس گۆرانییـان گـوت، (تاهیـر تۆفیق)یـش لـە ئاهەنگەکەدا بەشـدار بـوو، ئـەوە بـووە پێنـج، چونکـە لەگـەڵ تیپـی باواجـی بـە تێکهەڵکێشـی ئاهەنگەکەیـان سـاز کـرد.

**ڕامـان:** سـەرنجم داوە تـۆ هـەر لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ هونەرمەنـدی قـورس و سـەنگین و خـاوەن ئەزمـوون بەشـداریت کـردووە، کەمتـر لەگـەڵ کەسـانێک گۆرانیـت گوتـووە کـە لـە ئاسـتێکی بەرزدا نەبوویـێ، هەمیشـە لەگـەڵ هونەرمەنـدی ئاسـت بـەرز گۆرانیـت گوتـووە، یەکێـک لەوانـە هونەرمەنـد تاهیـر تۆفیـق بـووە.

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، لـەو ئاهەنگـەدا ئـەو هونەرمەنـدە بـەرزە بەشـدار بـوو.

**ڕامـان:** ئـەی لـەو گۆرانیبێژانـەی کـە لـە کۆیـە ناو و ناوبانگیـان هەیـە، بەڵام لەبەر بارودۆخـی کۆمەڵایەتی، یـان لەوانەیـە خـۆی زۆر حـەزی نەکردبێـت دەنگـی لـە ئێزگـە و تەلەڤزیـۆن تۆمـار بکـرێ، یـان ڕێـک نەکەوتـووە گۆرانـی بڵـێ، یەکێـک لەوانـە حاجییـە گـەورە بـووە.

**سـەلاح محەمـەد:** حاجییـە گـەورە پێـش ئەوانەیـە، حاجییـە گـەورەم نەدیـوە، بـەڵام زۆر باسـی دەکـەن، ئەویـش مەقامبێـژ بـووە، بـەڵام بەداخـەوە بەهـۆی هەژارییەکـەی کۆیـە کـەس نەبـووە تۆمارکەرێکـی هەبـێ، دەنـا ئەگـەر ئـەو ئامێرانـە هەبوونایـە و

دەنگیان تۆمار بکرایە، ئێستا گەنجینەیەکی زۆر گەورەمان دەبوو. کۆیە بناغەی مەقامات و هونەر بووە، بەڵام ئامێری پێویست و کەسی مشوورخۆری تێدا نەبووە.

**ڕامان:** یەکێکی دیکە حەمەدەمین عەباس بووە کە یەکێکە لەوانەی دەنگی هەیە و دەنگێکی باشیشی هەیە، بەڵام بەپێی پێویست بایەخی پێ نەدراوە.

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، زۆر لە مەولوودان لەگەڵی بەشدار بووم.

**ڕامان:** پێم خۆشە هەندێک باسی بکەین، چونکە دەنگخۆشێکە تا ئێستا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و بەپێی پێویست باسی نەکراوە.

**سەڵاح محەمەد:** زۆر ڕاستە، لە مەولوودان ئەویش مەقامی دەگوت، زۆربەی مەقامەکانیشی ئایینی بوون.

**ڕامان:** من بە کاسێت گوێم لە دەنگە تۆمارکراوەکەی و هەندێک گۆرانی و مەقامی بووە.

**سەڵاح محەمەد:** بە دەنگی خۆی زیاتر شیعرەکانی عاسی دەگوت.

**ڕامان:** هەموو گۆرانی و مەقامەکانی دەیگوتن شیعرەکانی عاسی بوون، یان هی شاعیرانی دیکەشی دەخوێند؟

**سەڵاح محەمەد:** پێ حەلقەی داوی نەفسم بێشعوور بووم بە دیل، وا لە نێو زیندانی ڕەغبەت دەست و پێ بەست و ڕەزیل، حەسحەسم شەیتانە دائیم، حوبی دنیاشم دەلیل، سەد دەخالەت یا موحەممەد پێشەوایی جوبرائیل، ئەی چرای ئەرز و سەماوات، یاڕەسوڵەڵڵا دەخیل، ئەو شیعرانەی دەگوت، من زۆر گوێم لێ گرتووە، بە تایبەتی کە لە مەولوودان لەگەڵی بووم.

**ڕامان:** ئێستا کاتیەتی بڵێم ئەو میلۆدی و مەقام و بەستانەی لە کۆیە بیستووتن، یان



**کۆیە، ١٩٨٩/١٠/٢٠، یەکەم ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەل تایەر تۆفیق، قوتابخانەی ناوەندیی کۆیەی کوڕان.**
**ئەوانەی لە ڕیزی پێشەوەن: د. مارف خەزنەدار، ڕەسووڵ گەردی، سەڵاح محەمەد، سەباح هەولێری. ئەوانەی ڕیزی دواوە، لە چەپەوە:**
**قوباد حەمید، سەعدوون عەبدوڵلا، عەبدولوەهاب شێخانی، سەعدوڵڵا حەمەد.**

لە هەموو دەنگخۆشەکانت بیستووە، هەر لە سەرەتاوە، لە وەستا کەمالی زێڕینگەرەوە بیگرە تا دەگاتە ئەوانی دی، وەک مامە سێوە و مەلا ئەحمەدە کوڕ و حەمەدەمین عەباس و م. بیلال بەهائەددین و باقی حەللاق و کێ و کێ، ئەگەر تۆمارت نەکردوون، تکایەکی برایانەت لێ دەکەم زوو تۆماریان بکە و لە سووچێک دایاننێ، یەکەیەکە باسیان بکە کە لە کێ و چۆنت بیستوون، یان ئەو ئاواز و مەقامە تۆمار نەکراوانە هەندێک ڕوونکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بدە و بە دەنگی خۆت بیانڵێ، هەموو گۆرانییەکان بەتەواوی بڵێ، هەموویان تۆمار بکە، ئەگەر ئەوەت کرد لەجێی دانەیەک، با سێ دانەی تۆمارکراوت هەبێ، خراپ نییە و سەر ناشکێنێ، بۆ ئەوەی ئەگەر دانەیەکی فەوتا، دووەمی بمێنێ، دووەمیش فەوتا سێیەمی بمێنێ، ئەوە تکایەکی برایانە بوو.

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، ئەوە گرنگە، یەک شتی دی زۆر گرنگە، لە مەولوودنامەکانی کۆیە تەواشیحی ئایینی هەیە، ئێمە پێمان دەگوت

تەنزیلـە، هەمـوو شـیعر و ئاوازەکانـی هـی کۆیـە بـوون، هەندێک نەریت هـەن کـە ئێسـتا باسـیان دەکـەم، لـە هەولێـر گوێـم لـی نەبـوون، چونکـە بـۆ مەولـوودی هەولێـر و سـلێمانی چـووم، گوێـم لـەو شـتانە نەبـووە.

**ڕامان:** ئەوە هی زەمانی زوو بووە؟

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، لـە حەفتـاکان، لـە کۆیـە گوتـراون، لـەو شـارانەدا گوێـم لـی نەبـوون، ئەوانـە تایبەتـن بـە شـاری کۆیـە.

**ڕامـان:** مەبەسـتت ئەوەیـە بڵێـی ئەوانـە وەک شیعر، یـان وەک ئـاواز تەنیـا لـە کۆیـە گوتـراون؟

**سـەلاح محەمـەد:** وەک ئـاواز لـە کۆیـە باوبـوون، لەوانـە ئەسـکە (أذکی) الصلاتین ثـم التحیـة/ علی محمـد سنادي (سـأنادي) خیـر البریـة، مرحبـا یانـور العیـن مرحبـا، مرحبـا جـد الحسـین مرحبـا، تـەدارەک خـۆش تـەدارەک، عەبدوڵـلا سـەفەرت موبـارەک، یـا آمنـة بشـراک ...تـاد.

**ڕامـان:** لـەو دانیشـتنانەدا ئێـوەش دەفتـان لـێ دەدا و لەگەڵیـان دەتانگوتنـەوە؟

**سـەلاح محەمـەد:** هەبـوو دەفـی لـێ دەدا، مـن دەفـم لـێ نـەدەدا.

**ڕامـان:** خوێندنـەوەی مەولـوود لـە کۆیـە بـە پـارە بـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** نەخێـر، خۆبەخشـی بـوو، پـارەی چـی؟

**ڕامـان:** ئـەو مەولوودانەیـان لـە چ بۆنەیەکـدا دەکـرد؟

**سـەلاح محەمـەد:** لـە ڕۆژی لـە دایـک بوونـی پێغەمبـەر (د.خ)، یـان یەکێـک ژنـی دەهێنـا، یـان یەکێـک کوڕەکـەی (سـونەت) خەتەنـە کردبایـە، مەولـود دەخوێنـرا، بـەڵام زۆربەیان کاتـی ژنهێنان بـوون، هەبـوو بـۆ خـۆی مەولـوودی دەکـرد.

**ڕامـان:** هـی وا هەبـووە نـەزری لـە خـۆی گرتووە، حـەزی لـێ بـووە مەولوودێک بکا.

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، یـان هەبـوو کـە لـە حـەج دەهاتـەوە، ئـەو کاتـی زۆر کـەم حـەج دەکرا، یـان هەبـوو بـۆ خـۆی دەیکـرد، شـتێک هەبوایـە دەیگـوت خوایـە لـەو کێشـە و گرفتـە ڕزگارم بـێ، مەولوودێـک دەکـەم، بـەڵام چـۆن مەولوودێـک، حەیوانیـان سـەر دەبـڕی، چێشـتیان دەکـرد، ئـەوە بـە زۆری ئێـواران دەکـرا، ئەوجـا بـۆ شـەوەکەی مەولـوود دەخوێندرایـەوە.

**ڕامـان:** تـۆ پێـت وانییـە ئـەوەش یەکێـک لـە هۆیەکانی ڕەواجدان بـە هونـەری گۆرانـی و مەقاماتی شـاری کۆیە بووبـێ؟ تـۆ چیتر بـە هـۆکاری ڕەواجدان بـە مەقـام و هونـەری گۆرانـی لەوراتـی کۆیـە دەزانـی؟

**سـەلاح محەمـەد:** ئـەو شـیعرەی ئێسـتا گوتـم، یـا ڕەسـوولەڵلا..

**ڕامان:** ئەوە شیعری کێیە؟

**سـەلاح محەمـەد:** وابزانـم شـیعری مـەلا عەبدوڵڵای جەلیـزادە، باوکـی مـەلای گەورەیـە، هەر بـە عەرەبی گوتوویـە، شـیعرێکی دی «مرحبـا یـا نـور العیـن مرحبـا، مرحبا جد الحسـین مرحبـا، یا نظیر و یا بشـیر مرحبـا، یـا امـام القبلتیـن مرحبـا»، ئـەوەش وابزانـم شـیعری مـەلا عەبدوڵـڵای جەلیزادەیـە، ئەوانـە دوو لـەو شـتانەن کـە دەگوتـران.

**ڕامـان:** ئـەی هیچـی مـەلا ئەحمەدی کـۆر نەکرایە گۆرانـی و مەقامـات و لـە کۆیـە نەخوێنرا؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوەم گوێ لێ نەبووە.

**ڕامـان:** ئەوەنـدەی مـن ئـاگام لێ بێ زۆر شـیعری عەونی کراوەتـە گۆرانی؟

**سـەلاح محەمەد:** تەواشـیحی ئایینـی هەبـوو، کـە ئـەو شـتانە دەگوتـران، هەمـووی شـیعر و ئـاوازی کۆیـە بـوون.

**ڕامـان:** کـێ بـۆ دەنگخۆشـەکانی پێشـنیار دەکرد شـیعری ئـەو شـاعیرانە بخوێنن؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە بۆخۆیان هەڵیان دەبژاردن، ئەوکاتی هەر ئەو شیعرانە هەبوون، بەلام مەولوودی کۆیە ئەوەی خۆش بوو تەنزیلەیەک دەکرا، کە ئەوە تەواو دەبوو، ئەوجا دەست بە مەقامگوتن دەکرا، شیعری دڵداری، یانی شتی دیکەی بەدوا دادەهات، ڕێگرییەک بۆ ئەوە نەبوو.

**ڕامان:** ئەوەی لە هەولێر باو بووە چۆن بوو؟

**سەلاح محەمەد:** لێرە، لە هەولێر وا نەبوو، تەنیا سەڵەوات هەبوو، لە کۆیە ئەوە نەبوو، بە ئارەزووی خۆت چیت دەویست بتگوتبا، لەوانە مەلا کۆرە دەستی پێ دەکرد: «قاسپە قاسپی کەو دێ، کەو لە بنار و بەردی، کەو و کەوبار دەخوێنی، بۆ تۆ نەماوم کاڵێ، کەزیەت بەندی ڕەشماڵێ، نۆ گەز بە گەزی کوردی، قەدم لە قەدت ئاڵێ»، ئەوەی لە ئێزگەی کوردی هەبوو، ئەو شتانە لە مەولوودیدا دەگوتران، زۆر ئاسایی بوون.

**ڕامان:** ئەو مەقامانەی لە کۆیە باو بوون و بەردەوام گوتراون و ڕەواجیان هەبووە، کامانەن؟

**سەلاح محەمەد:** زۆرتر ئەو مەقامانە بوون: ڕەفیقان من ئەوە ڕۆییم لەلاتان، ئەی شاهی زەمان، خاڵە موختار، بە تیری غەمزەکەی دووچاوی مەستی تۆ بریندارم، ئەم چەهرە گوڵە، مەکەن مەنعی عاشقان و تاد.

**ڕامان:** هۆی ئەو زەوق و چێژەی خەڵکی کۆیە کە لە گۆرانی وەری دەگرن، ئەوەیە کە لە هونەری گۆرانی و مەقاماتەوە زۆر نزیکن، هۆیەکیشیان ئەوەیە لە کۆیە دیوەخانی ئەمین ئاغای ئەختەر هەبووە، کە ئەو شاعیرە دیوەخانێکی گەورەی هەبووە، خۆشی پیاوێکی دەوڵەمەند بووە، بۆیە توانیویەتی زۆربەی ئەوانەی دەنگخۆشن لە خۆی کۆبکاتەوە، خۆشی ئەربابی ئەو دانیشتن و گۆرانی و مەقاماتانە بووە، تەنانەت دەڵێن لە ئوسووڵی مەقامات زۆر شارەزا بووە، هەر گۆرانی و مەقامێک بە ژێر نیگای ڕەخنەیی ئەودا تێ نەپەڕیبێ و پەسندی نەکردبێ، بڵاو نەبووەتەوە و نەچووەتە ناو خەڵکییەوە، جگە لەوەش کۆیە شوێنی کاروانسەرای ئەو قەتارچییانە بووە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە، یان لە زۆر جێی دیکەوە هاتوون، کە خەڵکی لەو دیوەوە هاتوون و لەکۆیە لایان داوە، هاتنی ئەوانە بۆ بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و کەلوپەل کڕین و فرۆشتن بووە، ئەوانەی کە لە گەرمیانەوە هاتوون، یان ئەوانەی لە هەولێر و دەوروبەرییەوە چوونەتە کۆیە، وەک قۆناغێک کە لە کۆیە لایان داوە، شەو سەردانی ئەو دیوەخانەیەیان کردووە، ئەوە زۆر گرنگە، چونکە یەکێک لە وێستگە گرنگەکانی ڕەواجدان بە هونەری گۆرانی و مۆسیقا و مەقامات بووە، ئەوە یەکێکی دیکەیە لە هۆیەکان، بە لای تۆوە هۆی دیکە چییە، ئایا لایەنە ئایینییەکەش کە ئێستا باست کرد، دەورێکی هەیە، یان خەڵکی کۆیە لەگەڵ خواردنەوە و مەجلیس و گەعدات ئەربابن؟

**مامۆستایان: بیلال بەهائەددین و باکووری منیان هێنایە ناو دنیای هونەرەوە.**

**سەلاح محەمەد:** ئەوەش دەوری خۆی هەبووە، ئێمە سەردەمانێک گەنج بووین، دەچووینە ناو باغچەکانی کۆیە، لە ناو ڕەزان دادەنیشتین و کۆڕمان دەبەست، بەلام مۆسیقامان لەگەڵ نەبوو، مەقام و گۆرانیمان دەگوت، زۆر جار خەڵک دەهاتن، دەیانگوت مەلا ئەسعەد و عەونی و عومەری عەولا شەل و حەمەدەمینە گۆجە، ئەلێرە گۆرانی و مەقامیان گوتووە، ئیدی پشت

بۆ پشت و نەوە دوا نەوە وا هاتووە.

**ڕامان:** بۆ شایەتیی قسەکەی تۆ جارێکیان کە لەگەڵ هونەرمەند تاهیر تۆفیق لە یانەی پزیشکان دانیشتبووین، میوانی جەودەت ئەحمەد ناجی بووین، لە پێشەوە نەمزانی (م. تاهیر تۆفیق)یشی دەعوەت کردووە، میوانداری د. عەبدوڵلا حەداد و موحیسن ئاوارە و محەمەدئەمین سالح دهۆکی و کۆمەڵێک برادەری نووسەریشی کردبوو، لەوێ تاهیر تۆفیق کەوتە تەنیشتم، هەرچەندە دەمێک بوو ئاشنای یەکدی بووین و مەرحەبامان هەبوو، گفتوگۆیەکی چکۆلەشم لەگەڵ کردبوو لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو بووبووەوە، بەڵام نەیدەزانی من خەڵکی کۆیەم و کێم و کێ نیم، د. عەبدوڵلا حەداد گوتی ئەو کۆییانە لە تەنیشت یەکیشەوە نەبێ دانانیشن، یەکسەر تەماشایەکی کردم و گوتی بۆچی بابە ئەتووش کۆیی؟ گوتم بەڵێ. گوتی کوڕی کێی؟ گوتم من کوڕی عەبدولواحیدی حەمەسدیقی باغچەوانم. یەکسەر بەلا ڕانی خۆیدا کێشا، داخ و ئەسەفێکی زۆری بۆ باوکم دەربڕی، کە ئەو پیاوە زۆر زوو جوانەمەرگ بوو، گوتی من هاوڕێی زۆر نزیکی باوکت بووم، گوتیشی زۆر جار دەچووین لەناو ڕەزی باپیرت کۆبوونەوەمان دەکرد، جاربەجار لەوێ گۆرانیشم دەگوت. دوای ئەو قسانە تێگەیشتم کە بۆچی مامەکانم و کەسوکارم لەناو ڕەزان لە کاتی پێمەڕە، یان بژارکردن، گۆرانی (کراس زەردێ) و (هەی نار هەی نار) و کۆمەڵێک لە گۆرانییەکانی (تاهیر تۆفیق)یان دەگوتەوە، تومەز ئەو کاتە گوێیان لێ بووە و لەوێوە لەبەریان کردووە، ئەوجا قسەی تۆیە زۆر جار لەناو ڕەزان و ئەو شوێنانە کۆبوونەوە کراوە و گۆرانی گوتراوە، ڕەنگە زۆر جاریش ئاهەنگیان گێڕابێ.



**هەولێر، ساڵی ٢٠١٣/٣/١٧، لە ڕاستەوە: ئەنوەر عەزیز، موئەیەد فەقێ، هێمن حەمید، یووسف عوسمان، نەوزاد ڕەمەزان، کاروان شەمسەددین، سەلاح محەمەد.**

**سەلاح محەمەد:** چەندان جار لە ئۆمەرخوچان دانیشتووین و گۆرانیمان گوتووە، ئۆمەرخوچان، ڕەزەکەی ماڵی باپیرت، وەک دەڵێن سنووریان لەگەڵ شەممەی پێکەوەیە، یان لە گەرمووکێ، لە ڕەزی عادیل ئاغا دەرماناو، چووزانم هیچ ڕەز و باغچەیەک نییە من لێی دانەنیشتبم و گۆرانیم تێدا نەگوتبێ.

**ڕامان:** بەلای تۆوە هۆکاری دیکە چییە کە ئەو بایەخەی بە گۆرانی و مەقامات لە کۆیە دابێ؟ هیچ هۆکارێکی دی شک دەبەی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڕای من لە کۆیە ئازادییەکی چاک بۆ گۆرانیگوتن هەبوو، ئیدی خەڵک وەک باست کرد، لە دیوەخانەکان، لە ئاهەنگ و شایی و مەولوود، لەناو ڕەز و باغچەکان گۆرانی گوتراوە، شتێک بووە دەماودەم هاتووە، من لەو گوێم لێ بووە و فێری هونەری گۆرانی بووم، ئەو گوێی لێ بووە، لەوی دی فێری بووە، مەودایەکی چاک بۆ فێربوون هەبوو.

**ڕامان:** هۆکارێکی دیش ئەوەیە، ڕەنگە ئەو هەموو شاعیرەی لە کۆیە هەبوون، شیعرەکانی ئەوانیش کە لەناو خەڵکی دەستاودەستیان کردووە و خوێندراونەتەوە، هانی ئەو کەسانەی

داوه کـه دەنگیـان خۆشـە بـۆ ئـەوەی هەندێـک لـەو شـیعرانەی بـۆ مەقامـات و گۆرانـی گونجـاون هەڵبژێـرن و بیانڵێـن.

**سـەلاح محەمـەد:** ڕاسـتە، بەتایبەتی شـیعرەکانی عەونـی، مـن سـەرم سـووڕ مـاوە، زۆر لەو شـیعرانە بوونەتـە مەقـام و گوتـراون، تاهیـر تۆفیـق و مـەلا ئەحمەدیـش گوتوویانـە، زۆریـان لـە شـیعرەکان گوتـووە، ئـەوەش هـۆکار بـوو.

**ڕامـان:** ئـەوە لە بـارەی مەقـام و مەولوودخوێندن و زۆر بابەتـی دی قسـەمان کـرد، ئـەی حەیـران گوتـن لـە کۆیـە بـاو بـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** تەنیـا حەیرانـم لە مـەلا ئەحمەدە کـۆر بیسـتووە، تەنانەت لاساییشـم کردووەتەوە.

**ڕامـان:** دیـارە زۆر بـە باشـی حەیرانـی گوتـووە، بۆیـە لاسـاییت کردووەتـەوە؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر بە باشی حەیرانی دەچڕی.

**ڕامـان:** بێینـەوە سـەر خانەوادەکەتـان، ئێسـتا هەندێـک لـە دەرەوەی ماڵەوەتـان بوویـن، بـا بێینـەوە نـاوەوە، لەنـاو خانـەوادەی ئێـوە، بێجگـە لـە خـۆت، م. زاهیـر محەمەدیشـمان هەیـە، دیـارە ئەویـش وەک براگەورەیـەک کاریگـەری لەسـەر براکانـی دیکـەی هەبـووە، سـەرەتا ئـەو ڕێچکـەی هونـەری گرتـووە و ئێـوەش چاوتـان لـەو کـردووە؟

**سـەلاح محەمـەد:** ئێمـە لـە سـەرەتاوە کـە لەگـەڵ باواجـی بوویـن، ئەویـش لـە سـاڵی ١٩٥٨ تـازە لەسـەر دەسـتی م. باکـووری فێـری ژەنینی کەمانچە دەبـوو، ئیتـر مـن لـە هەمـوو ئاهەنگەکانـدا لەگەڵـی بەشـدار بـووم، بـۆ خۆشـی چەنـد ئاوازێکـی هەبـوو، یـەک لـە ئـاوازەکان کـە قـەت لەبیـری ناکـەم و بەلامـەوە خۆشـترین ئـاوازە لەسـەر شـیعری دڵـزار داینـاوە، ((مانگـی خشـت لەنـاو جەرگـەی ئاسـمانا ئەدرەوشـێتەوە، بـا بەسـەر جۆگـەی ڕوون و ڕەوانـا سـووک ئەشـنێتەوە))، دڵـزار وەسـفێکی ئـەو مانگەشـەوەی کـردووە، قـەت شـتی وا نەبـووە، ئاوازەکـەش پـڕ بـە پێسـتی شـیعرەکەیە.

**ڕامان:** ئاوازی دیکەی بۆ شیعری دڵزار داناوە؟

**سـەلاح محەمـەد:** شـیعرێکی دی هـەر هـی دڵـزارە کـە لـەو ئاهەنگـەدا گوتوویەتـی، لەبیـرم چـوو باسـی ئەوەیـان بکـەم، ئاهەنگەکـەی کۆیـە کـە لەگـەڵ تیپـی مەولـەوی کـرا، گوتمـان لـە کۆیـە سـێوە بەشـدار بـوو، یـەک لـە شـیعرەکان کـە گوتـم هـی دڵـزارە، سـروود بـوو: ((کوردسـتان جوانـی یەکجار شـیرینی، بێشـک بەهەشـتی سـەر ڕووی زەمینـی))، ئـەوە یـەک لـە شـیعرەکان بـوو، شـیعری دڵـزار و ئاوازەکـەی هـی زاهیـری بـرام بـوو کـە مـن گوتـم، ئیتـر ئـاوا هاتینـە خـوارێ، تـا ئـەو چـوو بـۆ پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا، پێـش سـاڵی ١٩٦٠ ڕۆیـی و چـووە پەیمانگـە، ئیتـر لـە کۆیـە دابـڕا.

**ڕامـان:** پرسـیارەکە لێـرە ئەوەیـە، پێـش ئـەوەی ئـەو بچـێ بـۆ پەیمانگـە و لـەوێ هونـەر بخوێنـێ، دەسـتی ئاوازدانانـی هەبـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** بەڵـێ، دەسـتی ئـاواز دانانـی هەبـوو، ئـاوازی جوانـی دادەنـا.

**ڕامـان:** ئـەو بەهرەیـەی لـە کـوێ هێنابـوو، چـۆن فێـری ئاوازدانـان بووبـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** لەگـەڵ م. باکووری فێری مۆسـیقا بـوو، زیرەکیـش بـوو، هەمـوو جـارێ م. باکـووری دەیگـوت لـە هەمـووان زیرەکتـر زاهیـرە، کەمـان جوان دەگـرێ و فێـری بـووە، ئاوازەکانـی لەگـەڵ باکـووری لـێ دەدا، کـە م. باکـووری شـتێکی پـێ دەگـوت ئـەو بـە گوێچکـە یەکسـەر وەری دەگـرت، ئـەوە بـوو ئیتـر ئاوازیشـی دادەنـا، دەسـتی ئـاواز دانانیشـی هەبـوو.

**ڕامـان:** وەک کەسـێک کـە لێیـەوە نزیـک بـووی، ئاوازەکانـی ئـەوت دەگوتـەوە؟

**سـەلاح محەمـەد:** ئـەوەی پێشـتر باسـم کـرد،

شیعری وڵاتی من شیرینە، خاکێکی نازەنینە، پێش ئەوەی بچێتە پەیمانگە ئەو ئاوازەی دانابوو.

**ڕامان:** ئەو ئاوازە بوو کە شیعرەکەیان لە ئێزگە ڕەت کردەوە.. باشە هەر بۆخۆی شیعرەکانی هەڵدەبژارد، یان پێشنیاریان بۆ دەکرد؟

**سەلاح محەمەد:** بۆخۆی هەڵی دەبژاردن.

**ڕامان:** شاعیر هەبوو پێی بڵێ ئاواز بۆ ئەو شیعرەم دانێ؟

**سەلاح محەمەد:** شیعرەکانی لە کوێ دەهێنا، ئەوەیان نازانم، ئەوەندە دەزانم بۆخۆی شیعرەکەی دەهێنا و ئاوازەکەی بۆ دادەنا، دواتر ئەو ئاوازە دەگوترا.

**ڕامان:** بێجگە لە تۆ، چەند کەسی دی ئاوازی ئەویان گوتووەتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** ئاوازەکانی زاهیری برام، عەبدوڵڵا دڵسۆز، ئەنوەر تاهیر گوتوویانەتەوە، ئەوەی مەلا ئەنوەر لە ئێزگەی بەغدا- بەشی کوردی تۆمار کراوە.

**ڕامان:** مەلا ئەنوەر چەند ئاوازی ئەوی گوتووەتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** وابزانم تەنیا یەک دانەیە، یەک دانەی گوتووەتەوە.

**ڕامان:** ئەی خۆت چەند ئاوازی ئەوت گوتووەتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** من زۆر ئاوازی ئەوم گوتووەتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچیمان تۆمار نەکردووە، هەر لە بۆنەکاندا گوتراون، لەوانە ساڵی ١٩٨٠ لە میهرەجانی هونەرمەندانی عێراق بە ناوی هەولێرەوە بەشداریمان کرد.

**ڕامان:** ئەو میهرەجانە لە کوێ کرا؟

**سەلاح محەمەد:** لە بەغدا بوو، من شیعرەکەی دڵزارم گوت، «مانگی خشت لەناو جەرگەی ئاسمانا» کە ئێمە بە سێیەم دەرچووین.

**ڕامان:** بەناوی چ تیپێکەوە بەشدار بووی؟

**سەلاح محەمەد:** بەناوی شاری هەولێرەوە چووین.

**ڕامان:** دوایی باسی تیپی هونەری هەولێریش دەکەین.

**سەلاح محەمەد:** ئەودەم تیپی هونەری هەولێر هەبوو، بەڵام زۆر پێشکەوتوو نەبوو.

**ڕامان:** پەلە مەکە ئێستا قسەی لە بارەوە دەکەین.. بێجگە لە تۆ، ئەو هونەرمەندانەی چوونە بەغدا و بەشدار بوون، ئەوانەی لەگەڵیان بەشدار بووی ناویان چییە؟

**سەلاح محەمەد:** من گۆرانیم گوت، کۆرسی کچانمان هەبوو، ئەوانیش گۆرانییان گوت، ئیبراهیم سابیر گۆرانی گوت، ئەوە سێ، وابزانم کچێکیش گۆرانی گوت، کچی جەلال جۆبار، ناوی (دیمەن) بوو، ئەوەندە بووین کە بەشداریمان کرد.

**لە کۆیە ئازادییەکی چاک بۆ گۆرانیگوتن هەبوو.. هونەرمەند وریا ئەحمەدیش کە گوێزرایەوە هەولێر، هونەری لەو شارەدا بووژاندەوە.**

**ڕامان:** کاتی گۆرانی گوتنەکەتان نیو سەعاتێک دەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** هی من دوو گۆرانی، ئیبراهیم سابیر دوو گۆرانی بوو، پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، پارچە مۆسیقایەک بوو، کۆرسیش دوو، یان سێ گۆرانی بوو، نزیکەی نیو سەعاتێک دەبوو، ئەوەندە زیاتر نەبوو، هەولێر نیو سەعات، سلێمانی نیو سەعات، دهۆک نیو سەعات، ئێزگەی کوردیی بەغداش بەشدار بوو، ئەوانیش هەر نیو سەعات بوو، هەر ئەوەندەش دەرفەت هەبوو.

**ڕامان:** گوتت هاتیتە هەولێر و پەراوەت کرد،

لەگـەڵ کـێ ڕاهێنانـت کـرد؟ ئێسـتا گونجـاوە قسـەی زیاتـر لـە بـارەی ئـەوەوە بکـەی، ئـەو تیپـە نـاوی چ بـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** تیپی باواجی کە هەڵوەشابووەوە، لەسـەر گۆرانییـەکان لەگەڵیـان پرۆڤـەم کـرد، بـەڵام بەنـاوی شـاری هەولێـر بەشـداربووین، بـۆ ئـەو مەبەسـتە مـن لەلایـەن هونەرمەنـدان (تەحسـین تەهـا و سـەعدوون یوونس)ـەوە ئاگادارکرامـەوە.

**ڕامـان:** ئـەی چـی لـە بـارەی تیپـی هونـەری هەولێـرەوە دەزانـی، لـەو سـاڵانە چـی دەکـرد؟

**سـەلاح محەمـەد:** لـە دوای ١٩٧٥، دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول، هونەرمەنـد وریـا ئەحمـەد بـۆ هەولێـر گوێزرایـەوە، هونـەری لـە شـاری هەولێـر بووژانـدەوە، بـا ئەوەنـدەش بڵێـم، چونکـە وریـا ئەحمـەد ڕۆڵـی لـە بووژاندنـەوەی تیپـی هەولێـردا هەبـوو، کـە هاتـە هەولێـر، تیپـی هونـەری هەولێـر مۆڵەتـی هەبـوو، بـەڵام هیچ چالاکی نەبوو، باشـترە بڵێـم شـتێکی وایـان نەبـوو، ئەوەبـوو داوایـان لـی کـرد چـووە چالاکیـی قوتابخانـەکان، لـە چالاکیـی قوتابخانـەکان دەرفەتـی تێـدا بـوو، سـتۆدیۆیان هەبـوو، چـووە تیپـی هونـەری هەولێریـش، ئیتـر سبەینان لـە چالاکیی قوتابخانـەکان، ئێـواران لـە تیپـی هونـەری هەولێـر دەسـتی بـەکار کـرد.

**ڕامـان:** هـەر ئـەو کاتیـش بـوو هونەرمەنـد (جان تۆماس)یـش چـووە لای و کاری کـرد.

**سـەلاح محەمـەد:** جـان تۆمـاس، سـەردار ئەحمەد، محەمـەد ئیسـماعیل، جـەلال عەزیـز زەینـەل چـوون و وردە وردە ئەوانـە تیپـی هونـەری هەولێریـان بووژانـدەوە.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـە تیپێکـی هونەریـی تۆکمـە دروسـت بـوو، کـە پێشـتر تیپێـک بـوو زۆر کـەس گلەییـان لێـی هەبـوو، دەیانگـوت ژەنینیـان پـڕە لە نەشـاز، م. وریـا ئەحمـەد ڕێکـی خسـت، بێجگـە لـەو هەمـوو خولـەی لـە هەولێـر بـۆ فێربوونـی ئامێـری مۆسـیقا کردییـەوە.

**سـەلاح محەمـەد:** بەڕاسـتی هونـەری لـە هەولێـر زینـدوو کـردەوە.

**ڕامان:** تەنانەت بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکانیش م. وریـا ئەحمـەد دەوری خـۆی هەبـوو، لـە بیرمـە سـاڵی ١٩٧٦ شـانۆگەرییەکم لـە عەرەبییـەوە وەرگێـڕا، کـە باسـی گوندێکـی فەڵەسـتینییەکانی دەکـرد، نووسـەرەکەی میسـری و نـاوی نەبیـل بـەدران بـوو، دەقـی شـانۆییەکە نـاوی «ئـاگادار بـن بەڕێـزەکان» بـوو. تـازە خەڵـک لـە شـاخ گەڕابوونـەوە، سـاڵێک نەبـوو شـۆڕش بـە پیلانگێڕییـەک تێـک چووبـوو، خەڵـک بریندار بـوون، چووبوونـەوە نـاو قاوغـی خۆیـان و دەترسـان، نەیـان دەزانـی چارەنووسـیان بـەرەو کـوێ دەڕوا، م. وریـا ئەحمـەد مۆسـیقای وێنەیـی– تصویـري بـۆ ئـەو شـانۆگەرییە دانـا، لـە دەقەکـەدا مەسـەلەکە ڕاگوێزانـی گوندێکـی فەڵەسـتینییەکانە، بـەڵام ڕێـک لەگـەڵ ڕاگوێزانـی گوندەکانـی کوردسـتان هاتبـووەوە، ئاخـر لـە پـاش ١٩٧٥ تەعریب و تەهجیر و تەبعیـس بـە چـڕی و فراوانـی دەسـتی پێکـرد، زۆر دڕندانـە و بێشـەرمانە هەمـوو شـتێکیان بەرانبـەر کـورد کـرد، م. وریـا ئەحمـەد مۆسـیقای گۆرانـی (یارەکـەم ئەڵێـی بووکـە، جوانـی شـاری کەرکووک)ـەی کردبـووە مۆسـیقای شـانۆگەرییەکە، عەبدولغەفـار سـائیغ کـە دیتـی، شـێت و هـار بـوو، ڕۆژی دووەم شـانۆگەرییەکەی ڕاگـرت، گوتـی ئـەوە ئێـوە دەقەکەتـان بردووەتـە کـوێ، مـن پێشـتر ئـەو دەقـەم خوێندووەتـەوە، ئـەوە باسـی فەڵەسـتینییەکان دەکات، ئێـوە بـۆ شـوێنێکی ترتـان بـردووە. م. وریـا ئەحمـەد بـۆ مۆسـیقاکەی ئەوەنـدەی دیکـە قووڕەکـەی بـۆ خەسـت کردینـەوە کـە بـردی بـۆ لای کەرکـووک و ئـەو ئـاوازەی کردبـووە باکگراونـدی مۆسـیقایی بـۆ شـانۆگەرییەکە. وریـا ئەحمـەد لـە دانانـی کۆمەڵێـک تیـپ و هێنانـە پێشـەوەی ئافـرەت

و دەنگـی نـوێ لـە هەولێـر دەوری زۆر بـوو، هەمـوو مۆسـیقاژەنە باشـەکانی کـۆ کـردەوە، ئەوانـە پێشـتر پـەرت و بـڵاو بـوون، قسـەی تـۆ زۆر تـەواوە.. باسـی م. زاهیـر محەمـەدی براتمـان دەکـرد، هیـچ کاریگـەری لەسـەر تـۆ نەبـوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** ئەوەنـدە بـوو کـە باسـم کـرد، دوای ئـەوەی ئـەو چـووە بەغـدا، منیـش بوومـە سـەرباز، پاشـان بوومـە پێشـمەرگە، ئیـدی زۆر لێـک دوور کەوتینـەوە، تـا لە سـاڵی ١٩٧٢ دامەزراندنەوەی تیپـی مۆسـیقای باواجـی بەسـەرداهات.

**رامـان:** یەکـەم کـەس کـە بـە تـۆی گوتبـێ تـۆ دەنگـت خۆشـە، وەرە بـا ئیشـێکت بـۆ بکەیـن، ئـەو نەبـوو؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، ئەو نەبوو.

**رامان:** زیاتر کێ بوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** م. بیـلال بەهائەددین، لەگـەڵ م. باکـووری بـوون، ئـەو دووانـە منیـان هێنایـە نـاو دنیـای هونـەرەوە.

**رامان:** ئەی ئەو دەوری چ بوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** ئـەو تـازە فێـری مۆسـیقا دەبـوو، مـاوەی پێکـەوە بوونەکەشـمان کـەم بـوو، چەنـد سـاڵێک بـوو، پاشـان چـووە پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکان و ئێمـە لێـک دوور کەوتینـەوە، کـە لـە پەیمانگـەش دەرچـوو، یەکسـەر لـە شـاری کـووت دامـەزرا.

**رامان:** لەوێ زۆری پێ چوو، زۆر مایەوە؟

**سـەلاح محەمـەد:** دوو سـێ سـاڵی پـێ چـوو، بـەڵام هاوینـان دەهاتـەوە، هاوینانیـش لەبـەر ئیشـی خـۆی، ئـەو دەرفەتـەی نەبـوو، هیـچ تیپێکـی مۆسـیقاییش لـە گـۆڕێ نەبـوو.

**رامان:** ئەوکاتە تـۆ وەک هونەرمەند و دەنگخۆش نـاو و ناوبانگت دەرکردبوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** تەنیـا ئەوەنـدە بـوو خەڵکـی دەیزانـی مـن دەنگـم خۆشـە.

**رامـان:** باوکـت سـەبارەت بـە ناوبانـگ و پێگـە هونەرییەکـەت چـی پـێ دەگوتـی؟

**سـەلاح محەمـەد:** قـەت رۆژێـک لـە رۆژان رێگـری لەمـن نەکـرد.

**رامـان:** قسـەیەکی خۆشـی دەکـرد، دەیگـوت دەنگـت خۆشـە و بـەردەوام بـە؟

**سـەلاح محەمـەد:** دەیزانـی دەنگـم خۆشـە، بـەڵام نەیدەگـوت واز بێنـە، کە دەچوومە مزگەوت دەیگوت قورئـان بخوێنـە، فێـری قورئـان خوێنـدن بـە، بـەڵام زۆریشـی لـێ نەدەکـردم، بـە تۆبـزی بەسـەرمدا بیسـەپێنێ، منیـش حـەزم لـە مۆسـیقا بـوو، زیاتـر حـەزم لـە گۆرانـی بـوو، بۆیـە نەدەچـووم.

**رامـان:** ئێـوە لـە ماڵـەوە چەند کەسن، لەنـاو ئـەو خێزانـەی خۆتـان، چەنـد خوشـک و بـرا هونەرمەنـد بوون؟

**سـەلاح محەمـەد:** زاهیـری بـرام کەمانچـەژەن بـوو، مـن گۆرانیبێـژ بـووم، (سـەلام)ی بـرام کەمانچەژەنێکـی بـاش بـوو، لـە سـلێمانی لـە بەکرەجـۆ وانـەی هونـەری دەگوتـەوە، هەرچەنـدە دەرچـووی پەیمانگـە نەبـوو، بـەڵام هـەر خـۆی فێـر بووبـوو، زۆر باشـیش بـوو، وانـەی هونـەری دەگوتـەوە، دەنگـی خـۆش بـوو، بـەڵام ئـەو ئەمـری خـوای کـرد، لەگـەڵ سـەعدوڵڵای براشـم کـە ژەنیـارە، کاری هونەریـی بـۆ منـداڵان دەکا.

**رامـان:** خوشـکت نییـە دەنگـی خـۆش بـێ، یـان لـە بـواری هونـەردا کاری کردبـێ؟

**سەلاح محەمەد:** خوشکەکانم لـە هونـەر دوورن، دوو خوشـکمان هەبـوو، فاتـم، کـە هـەر خوێندەواری نەبـوو، خوشکێکیشـم نێردرایـە قوتابخانـە و بـووە مامۆسـتا، ئەویـش بـە تەمەنـە.

**رامان:** ئەوانە هیچ مەیلێکی هونەرییان نەبوو؟

**سـەلاح محەمـەد:** خوشـکەکانم هیچیـان لـە

هونــەرەوە نزیــک نیــن.
**ڕامــان:** مــەرج نییــە هــەر خەریکــی هونــەری مۆسـیقا و گۆرانـی بووبـن، هونـەری شـێوەکارییە، نەخـش و چنینـە، یـان ئیشـی دەسـتییان کردبـێ؟
**سـەلاح محەمـەد:** هیـچ بەهرەیەکـی هونەرییـان نەبـوو.
**ڕامـان:** ئـەوەم زۆر بەلامـەوە سـەیرە، سـەرنجم داوە زۆربــەی ئــەو خانەوادانــەی ئایینیــن، یــان باوکیـان زانـای ئایینییـە، زۆربەیـان ڕوو دەکەنـە مۆسـیقا، یەکێـک لەوانـە مەمـدوح بریفکانـی، بریفکانییـەکان، تەکیەیـان هەیـە و زانـای ئایینیـن، کوڕێکیـان تێـدا هەڵکەوتـووە کـە نـاوی زاهیـدە، کەمانچەژەنێکـی زۆر بـاش بـوو، ئـەوە فەوتـی کـرد و نەمـا، ئـەوە ئەنـوەر قەرەداخـی، ئەویـش لـە بنەماڵەیەکـی ئایینییـە، یەکێکـە لـە ژەنیـارە هــەرە باشــەکان و هونەرمەندێکــی گەورەیــە، پەنجەیەکــی ڕەســەن و زێڕینــی کوردییشــە، زۆر لــەو خانــەوادە ئایینییانــە منداڵەکانیــان بــەرەو مۆسـیقا ڕۆیشـتوون، تـۆش هـەر وای نابینـی؟
**سـەلاح محەمـەد:** خانـەوادە بۆ خـۆی زۆر گرنگە، بـە تایبەتـی کـە لـە گۆرانیگوتـن، لـە مۆسـیقا ڕێگریـت لـێ نەکـەن، زۆر مـەلا هـەن دەڵێـن وەرن لەسـەر دەسـتی ئێمـە تۆبـە بکـەن، زۆر سـەیرە، بابـە خـۆ کافـر نیـن، ئێمـە چیمـان کـردووە، جگـە لـەوەی هونـەری میللەتەکەمـان خاوێـن کردووەتەوە بـۆ ئـەوەی تێکـەڵاوی هونـەری میللەتـان نەبـێ و لەسـەر ئـەو ڕێچکەیـە بـەردەوام بووین!
**ڕامـان:** ئاییـن، هەمـوو ئایینـەکان، بەتایبەتیـش ئایینـی ئیسـلام هەمیشـە ئـەو کەسانەی پـی بـاش بـووە کـە دڵـی خەڵـک خـۆش دەکـەن، خەڵکانـی وەکـوو ئێـوە کـە گۆرانیتـان گوتـووە، هـەر لـە (حەسـەن زیرەک)ـەوە بیگـرە تـا مامڵـێ و خالقـی و هەمـوو ئـەو گۆرانیبێژانـەی دی تـا دەگاتـە ئێـوە کارێکتــان کــردووە خەڵــک پێــی دڵخــۆش بــوون، ئیتــر منیــش تــێ ناگــەم ئێــوە چ خەتایەکتــان کـردووە؟
**سـەلاح محەمـەد:** نازانـم چ گوناحێکمـان کـردووە تــا بچیــن تۆبــە بکەیــن، لــەو ماوەیــە مەلایــەک پەیـدا بـووە یـەک دوو گۆرانیبێـژی بانـگ کـردووە و دەڵـێ فـلان هاتـووە لەسـەر دەسـتی مـن تۆبـە دەکات و چیـی دی گۆرانـی ناڵێـت. دەڵێ پێویسـتە هونەرمەنـدەکان، هەمـوو هونەرمەنـدەکان چـاو لەوە بکـەن. ئـەی هـاوار! ئاخـر ئێمـە چیمـان کـردووە، چ گوناحێکـی گەورەمـان کـردووە تـا بێیـن لەسـەر دەسـتی تـۆ تۆبـە بکەیـن؟
**ڕامـان:** ئێـوە کـە لـە سـەندیکای هونەرمەندانـن، کاردانەوەتــان بەرانبــەر بــەو جــۆرە کەســانە چ بــووە؟
**سـەلاح محەمـەد:** یاداشـتێکم نووسـی و چوومـە لای برادەرانـی سـەندیکا، گوتـم ئەو مەلایە شـتێکی وای کــردووە. گوتیــان تــۆ نیــازی چیــت هەیــە؟ گوتـم ئەگـەر ئێـوەش لەگەڵـم نەیـەن، مـن دەچـم سـکاڵای لەسـەر تۆمـار دەکـەم. گوتیـان ئێمـە نووسـراوت بـۆ دەکەیـن، ئەوەبـوو نووسـراوێکیان بـۆ کـردم بردمـە وەزارەتـی ئەوقـاف، ئاراسـتەی وەزیـری ئەوقـاف کرابـوو، دوو ڕۆژان چـووم وەزیـری ئەوقافـم بـە دەسـت نەکـەوت، چونکـە فیسـتیڤاڵ، یـان بۆنەیەکیـان هەبـوو، پێیانـم گـوت مـن ناتوانـم هەمـوو ڕۆژێ بێـم و بچـم.
**ڕامـان:** کەسـێک لـە وەزارەتـی ئەوقـاف نەبـوو گوێـت لـێ بگـرێ و سـکاڵاکەت لـێ وەربگـرێ؟
**سـەلاح محەمـەد:** کوڕێکـی لـێ بـوو نـاوی هۆگـر بـوو، گوتـی مەسـەلەکە چییـە؟ گوتـم فەرمـوو ئـەوە بخوێنـەوە، سیدییەکەشـم تۆمـار کردبـوو، کـە ئـەو قسـانە دەکات، گوتـم بـە ئێمـە دەڵـێ تۆبـە بکـەن، بەڵکـوو خـوا لێتـان خـۆش بـێ.

گوتی ئێوە تۆبە بکەن؟! ئەوە دەبێ خۆی تۆبە بکات، نەک ئێوە تۆبە بکەن، ئێوە چیتان کردووە؟ گوتی تۆ سکاڵاکەت بدە بە من، ئیدی حەقت بە سەرییەوە نەبێ، من دەیدەمە دەست وەزیر و مەسەلەکەشی تێ دەگەیەنم، با وەزیر بانگی بکات و لێرە لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن. گوتم دەبێ بانگ بکرێ تا جارێکی دیکە ئەو قسانە نەکات.

**ڕامان:** پێشتر باسی ئەوەت کرد بە درێژی لەو تیپە بدوێی کە لە هەولێر بوو، بە درێژی قسەی لە بارەوە بکە.

**سەلاح محەمەد:** م. وریا ئەحمەد لەگەڵ مامۆستا جان تۆماس دوو جار هاتنە کۆیە، لە کۆیە چووینە چنارۆکێ و دانیشتین، من گۆرانییەکم هەبوو «چەندەم پێ گوتی کچێ خەجێ مەچووە بیتوێنێ»، لەوێ بۆیانم گوت، گوتیان ئەوە چییە؟ گوتم ئەوە فۆلکلۆرە و هی کۆیەیە. گوتیان شتێکی زۆر خۆشە، ئەوجارە بە مۆسیقاوە بیڵێ. سەردار ئەحمەد لەوێ بوو، فلووتی لێ دەدا، گوتی ڕاوەستن وەک گۆرانییەکە نۆتەکەتان بۆ دەنووسمەوە. «چەندەم پێ گوتی کچێ خەجێ مەچووە بیتوێنێ، ئاوی ناسازە کچێ خەجێ هەر دەتفەوتێنێ».

**ڕامان:** کە گوێیان لە گۆرانییەکە گرت چ بڕیارێکیان دا؟

**سەلاح محەمەد:** م. وریا ئەحمەد گوتی ئەوە ئاوازێکی فۆلکلۆری گەلێک خۆشە، تایبەتە بە ناوچەی کۆیەش، ئێمە پێشەکی مۆسیقایەکەت بۆ دادەنێین، ئەوە لە ئێستاوە یەکەم گۆرانی دەبێ لە تیپی هونەری هەولێر تۆماری دەکەین.

**ڕامان:** هەر ئەو گۆرانییە بوو؟ چی دیکەی بە دوودا هات، ئەوانی دیکە کەی تۆمار کران؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە یەکەم بەرهەمم بوو، ئیتر ئەوان گۆرانییەکەیان بردەوە و ئیشیان لەسەر کرد، لە ساڵی ١٩٧٦ تۆمار کرا، پێشتر گوتم ئەوە فۆلکلۆرە، بەڵام چۆن فێری بووم، با ئەوەش بگێڕمەوە.

**ڕامان:** بیگێڕەوە بزانین ئەو گۆرانییەت لە کێ گوێ لێ بووبوو، چۆنت بە دەست کەوتبوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئێمە هەموو جارێ بۆ خۆمان لەگەڵ برادەران لە چنارۆکێ دەچووینە دانیشتنان، بەبێ مۆسیقا گۆرانیمان دەگوت، جارێک دەمانویست بچین، گوتمان چۆن بچینە چنارۆکێ؟ ئێمە هیچمان ئۆتۆمبێلمان نەبوو، گەنج بووین، دەچووین ئۆتۆمبێلمان بە کرێ دەگرت، ئەوجارە یەکێکمان بە کرێ گرت ناوی زاهیر نووری جان بوو، جێبێکی هەبوو، گوتی من دێم، بە چەندی دەیبردین؟ بە دینار و ڕوبعێک، ئێمە پێنج کەس بووین، گوتی لەگەڵ من وەرن، ئێمەی دەبرد و ئێوارێ لە دووومان دەهاتەوە، ئێمەش لە ڕێگە گۆرانیمان دەگوت.

**ڕامان:** ئەو شوفێرە ئەربابی گۆرانی و خواردنەوە بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، جارێکیان گوتی ئەگەر ئێوە پێتان خۆش بێ، منیش لە نزیک ئێوەوە دادەنیشم، من بۆچی بچمەوە کۆیە و بە دواتاندا بێمەوە و بەنزین سەرف بکەم. گوتمان باشە، چۆنت پێخۆشە وا بکە.

**ڕامان:** لەوانەیە ئەویش کەسێکی دەنگخۆش بووبێ؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئێمە دەستمان بە خواردنەوە کرد، نەچووینە چایخانەش، لە لایەک، لەناو باغچەکانی چنارۆک دانیشتین، زۆر حەزی لێ بوو گۆرانی بڵێ، دواییش هاتە لای ئێمەوە، مەهدی لەتیف ئاغامان لەگەڵ بوو، پێی گوت ئەگەر دەزانی دەنگت بڵند بکەی، دەی تۆش

شتێک بڵێ. گوتی هیچ ناڵێم. گوتی وەڵڵاهی دەیڵێی، ئەوجا حەیرانی بە باشی دەگوت، دوایی ئەو گۆرانییەی گوت، شقارتەیەکی بە دەستەوە گرت، لە شقارەتەکەی دەدا، «چەندم پێ گوتی کچێ خەجێ»...

**ڕامان:** هەر بەو شێوەیە دەیگوت کە دواتر تۆ گوتووتە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ڕێک ئاوای دەگوت.

**ڕامان:** تۆ دەستکاری ڕیتمەکەت نەکرد، ڕیتمەکەت خێرا نەکرد؟

**سەلاح محەمەد:** نا، من وەک خۆی لێم وەرگرت. کەپرێکت بۆ بکەم کچێ خەجێ لە قولەی دەربەندێ...

**ڕامان:** شیعر و وشەکانیشت وەک خۆی لێ وەرگرت؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، «دێمە لای دایکت کچێ خەجێ بە زاوابەندی، بەهارێ نەمرم کچێ خەجێ شایی و سەیرانە، هاوینێ نەمرم کچێ خەجێ خەلە و خەرمانە، پاییزێ نەمرم کچێ خەجێ گەڵاڕێزانە، زستانێ نەمرم کچێ خەجێ بەفر و بارانە»، منیش شیعرەکەم لێ وەرگرت و زیاتر پەرەم پێ دا، وردە وردە گۆرانییەکەمان ئەوها لێ کرد کە هەیە، وریا ئەحمەد و ئەوانیش مۆسیقایان بۆ دانا و بووە ئەو گۆرانییە خۆشە.

**ڕامان:** نازانی ئەو شۆفێرە چۆن فێری ئەو گۆرانی و شیعرە بووبوو؟

**سەلاح محەمەد:** پێم گوت چۆن فێری ئەوە بووی؟ گوتی ئەوە لە کۆیە گوتراوە و هی کۆیەیە، ئاوهای فێر بووم. باوکی سەردار ئەحمەد گوتی من ئەو کابرایەم بینیبوو کە ئەو گۆرانییەی دەگوت، گوتم چۆن؟

**ڕامان:** کابرا کێ بوو؟ ناوی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** گوتی کابرایەک بوو دەسگیرانێکی هەبوو، ناوی خەجێ بوو، لێیان مارە کردبوو، ویستبووی بیگوازێتەوە، خەجێ کابرا ڕازی دەکات و پێی دەڵێ ئێستا هاوینە مەمگوێزەرەوە، لە بیتوێن دەچینە کرێداوێ، خەڵکی دەچوونە کرێداوێ، یەک دنیا تووتنیان دەڕنی، هەڵیاندەگرت لە داویان دەدا، شیشێک بوو، تیژ بوو، داوێکیان پێوە دەکرد.

**ڕامان:** گەڵای تووتنیان لێ دەکردەوە و بەداوێیان وەدەکرد.

**سەلاح محەمەد:** ئەوە کرێداویان پێ دەگوت، گوتبووی من دەچم هەندێک پارە خڕ دەکەمەوە و لەگەڵ ماڵە باوکم پاییزێ دێینەوە، ئیتر لێرە ماڵێکی گچکەلۆکە بۆخۆمان پێکەوە دەنێین، ئەو کاتە بمگوێزەوە. دەڵێ لێم گەڕێ لەگەڵ ماڵە باوکم دەچمە کرێداوێ پارەی پەیدا دەکەم، کرێداوێ دەکەم، خەڵکیش ئەو دەمە هەژار بوو، ئەو کاتە لە بیتوێنێ هەموو دەمێ لەرز و تا هەبوو، پێیان دەگوت مەلاریا، دەیانگوت بیتوێن ئاوی ناسازە، ئاوەکەی مەخۆنەوە لەرز و تای پێ دەگرن.

**ڕامان:** وایان دەزانی بە ئاوەکەی تووشی لەرز و تا دەبن؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، نەیاندەزانی ئاوێکی سازگاری هەیە، بەڵام بە هۆی (مێشوولە) پێشکەوە ئەو نەخۆشییە دەگوێزرایەوە، لەوێ خەجێ تووشی لەرز و تا دەبێ، واتە تووشی نەخۆشیی مەلاریا دەبێ، پاشان لێی توند دەکات، خەجێ بەو نەخۆشی و لەرز و تایەوە دەمرێت، پاییز کە دێنەوە کوڕە دەچێتە پێشوازییان، دەبینێ ماڵەوەیان دێنەوە و خەجێیان لەگەڵ نییە، دەڵێ ئەی کوانێ خەجێ؟ باوکیشی دەڵێ چیت لێ بشارینەوە، خەجێ تووشی لەرز و تا بوو و مرد.

**رامان:** هەواڵێکی جەرگبڕ و ناخۆشیان پێ داوە.

**سەلاح محەمەد:** دەڵێن لەو کاتەوە ئەو کوڕە تێک چوو، مێشکی تەواو نەبوو، دەیانگوت بە ناو کۆڵانەکانی کۆیەدا دەسووڕایەوە و هاواری دەکرد و دەیگوت چەندم پێ گوتی کچێ خەجێ مەچووە بیتوێنێ، ئاوی ناسازە و هەر دەتفەوتێنێ. شتێکت بۆ بگێڕمەوە، مەعرفە سوور هەبوو، باوکی تاهیری برینپێچ، عەلی و بەکر و ئەوانەی هەبوو، بەڵام تاهیر مەعرووف لە کۆیە برینپێچێکی بەناوبانگ بوو، ئەو بۆ خۆی بۆ منی گێڕایەوە، دەیگوت من لە کۆیە کاروانچی بووم، لە چنارۆکێ بەڕێ کەوتووم تا گەیشتوومەتە قەڵادزێ ئاوی بیتوێنم نەخواردووەتەوە. دەمگوت بۆچی؟ دەیگوت لەبەر ئەوەی ئاوەکەی ناساز بوو، تووشی لەرز و تای دەکردی، ئەوان وایان بیر دەکردەوە، بەڵام لە بنەڕەتیشەوە وا نەبوو.

**رامان:** بەڵام ئەوە بۆچوونێکی زانستی نییە.

**سەلاح محەمەد:** بۆچوونەکە زانستی نەبوو، بۆیە ئەو شیعرەی گوتووە.

**رامان:** تۆ ئەو گۆرانییەت لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تۆمار کرد؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە یەکەم گۆرانیمان بوو لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تۆمارمان کرد، دواتر لە تەلەڤزیۆنی کەرکووکیش وێنەمان گرت، دوای ئەوە وریا ئەحمەد هاتەوە، گوتی خەجێ گۆرانییەکی زۆر باشە، هەموو ڕۆژێ لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک بە ڕەش و سپی لێ دەدرا، ئێستا (با بچینە کوێستان)یشت کە کاتی خۆی لە چنارۆکێ دەگوت، بۆتێ نوێ دەکەمەوە و منیش کارێکی باشم بۆ کردووە، پێشەکی مۆسیقام بۆ داناوە، دوای ئەوە شیعرێکی بۆ هێنام، ئەو شیعرەی لەسەر کاسێت بۆ تۆمار کردبووم، «درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە»، گوتی ئەوە شیعری خالید دلێرە. گوتم زۆر باشە، ئەوەش ئاوازێکی زۆر خۆش بوو.

**رامان:** ئاوازەکە هی کێ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئاوازەکە هی خۆی بوو، ئەوەشمان تۆمار کرد، خەجێ لە ساڵی ١٩٧٦ تۆمار کرا، بەڵام ئەوەمان لە ساڵی ١٩٧٨ تۆمار کرد.

**رامان:** ئەو شیعرەی خالید دلێر لەگەڵ ئاوازی خۆی، لەگەڵ ئەوەی دی «با بچینە کوێستان» تۆمار کران؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، «با بچینە کوێستان»، ئاوازەکەی فۆلکلۆرە، بەڵام شیعرەکەی هی جەلال جۆبارە.

**رامان:** لەو تیپەدا سێ گۆرانیت بۆ تۆمار کرا؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بەوەوە بووە سێ.

**رامان:** ئیدی تەواو، لەو تیپەدا هەر ئەو سێ کارەت هەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** هەر ئەو سێ کارەم هەیە.

**رامان:** تۆ یەکەم جار لە تیپی باواجی بەهۆی مامۆستایان: باکووری و بیلال بەهائەددین دەستت پێ کرد؟

**سەلاح محەمەد:** یەکەم گۆرانیشم بۆ تەلەڤزیۆنی بەغدا، لەگەڵ تیپی باواجی «بازان باز قەتار»، بوو.

**رامان:** ویستم ئەوەت پێ بڵێم، من زۆر بەو گۆرانییە سەرسام بووم، زۆر خۆشم ویست، زۆریشم گوێ لێ دەگرت.

**سەلاح محەمەد:** ئاوازەکە زۆر قورسیش بوو، نە سیدییەکیان بۆ تۆمار کردم، نە کاسێتێک، بڵێن بۆ خۆت گوێی لێ بگرە، هەموو جارێ دەچووینە پرۆڤە، حەفتەی دوو، سێ جار دەچووینە پرۆڤە

خەریکی دەبووین، ئاخر ئەوە زۆر زەحمەتە.

**ڕامان:** ناوی گۆرانییەکە «بازان باز قەتار»ـە، دیومە لە تایتڵەکەش وایان نووسیبوو.. ئاوازەکەی هی کێیە؟

**سەلاح محەمەد:** ئاوازەکەی فۆلکلۆرە، تایبەتە بە کۆیە.

**ڕامان:** ئەی کێ گۆرانییەکەی بۆ ئامادە کردی؟

**سەلاح محەمەد:** م. وریا ئەحمەد، ئەو پێشەکی مۆسیقایەکەی بۆ داناوە، ئێستا گۆرانییەک دەڵێن، سەد جار پرۆڤەی تێدا دەکەن، ئەوجا نەشازیشی تێدایە، یەکەم جار کە ئامادەمان کرد و چووینە بەغدا، بۆ یادی شازدەی ئاب ئامادە کرا، بەڵام ئاهەنگەکەمان پێشکەش نەکرد.

**ڕامان:** ئەو یادە ساڵی چەند بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ساڵی ۱۹۷۲، چووین لە هۆڵی خولد ئاهەنگ بگێڕین، لەوێ چووینە ماڵی دوکتۆر خالید، ئەودەمە ماڵی دوکتۆر خالید، لەگەڵ ماڵی کەمال محێدین لەوێ بوو، ئەوان لە بەغدا ئەندامی لق بوون.

**ڕامان:** ئەندامی لقی پێنج بوون.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، چووین گوتیان پارتی ئاهەنگەکەی هەڵوەشاندووەتەوە. گوتمان هۆیەکەی چییە؟ گوتیان کاتی خۆی دوو کەس لە کەرکووک گیرابوون گوایە ئەوانە دەستیان لە کوشتنی چەند ئەفسەرێکدا هەبووە، د. خالید گوتی پارتی چەند هەوڵی دا کە نابێ ئەو دوو کەسە لە سێدارە بدرێن، ئەوانە ئەندامی پارتین، ئەندامی ئێمەن، لەناو شۆڕش پێشمەرگە بوون، بەڵام حکوومەت ڕۆژێک پێشتر لە سێدارەی دان.

**ڕامان:** ناوی ئەو دوو کەسەی نەگوت؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، نازانم کێ بوون.

**ڕامان:** دوو کادیری پارتی بوون؟

**سەلاح محەمەد:** دوو کادیر بوون.

**ڕامان:** نەتزانی کێیان کوشتبوو؟

**سەلاح محەمەد:** دەڵێن کاتی خۆی ئەوانە ئەفسەریان کوشتووە، بۆیە لە سێدارە دران، پارتیش ئەو ئاهەنگەی ڕاگرت، ئێمەش وەک تیپی باواجی هەموومان لە کۆیەوە چووبووین، وابزانم (تیپی مۆسیقای سلێمانی)یش هاتبوو.

**ڕامان:** دوای ئەو هەواڵە، ئێوە بڕیاری چیتان دا، یەکسەر گەڕانەوە کۆیە؟

**سەلاح محەمەد:** ئێمە تازە گەیشتبووینە ئەوێ، نیوەڕۆ بوو، ویستمان بچینە نانخواردن، زاهیری بەرام گوتی با سەرێکی ئێزگە بدەین. ئێمە گۆرانی نوێمان ئامادە کردبوو، ئیبراهیم سابیر دوو گۆرانی، من گۆرانی (بازان باز قەتار)م ئامادە کردبوو، گۆرانی کۆرسیشمان هەبوو، گوتی با بچینە ئێزگەی کوردی، بزانین کێی لێیە؟ چووین کوڕێکی لێ بوو، ناوی فوئاد بوو، نازانم ناوی باوکی چییە، لەناو ئێزگە ئیشی مایسترۆی دەکرد.

**ڕامان:** ئەو مایسترۆیە کورد بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، کورد بوو، خەڵکی هەولێر بوو، چووینە لای ئەو گوتی ئێمە هەندێک ئیشمان هەیە، ئەوڕۆ ئێزگەی کوردی بۆ فوئاد ئەحمەد گیراوە، یەک گۆرانی هەیە، ئەو بە دە دەققان لەگەڵ ئێزگەی کوردی تۆماری دەکا، ئێوەش ئەگەر پێی بڵێن و ڕێگەتان بدات، وەرن کارەکانتان تۆمار بکەن، منیش بۆ ئێوە لاریم نییە. زاهیری بەرام چوو بە فوئاد ئەحمەدی گوت پێت خۆشە ئێمەش ئیشەکانمان بکەین؟ گوتبووی زۆریش پێم خۆشە، هەر حەز دەکەم منیش لەگەڵتان بم.

**ڕامان:** فوئاد ئەحمەدی لە کوێ دی، هەر لەناو ئێزگە بینی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، هەر لەناو ئێزگە بوو، گوتبووی هیچ لاریم نییە. سەعات چەند ئیشەکەت دەکەی؟ گوتبووی سەعات چواریان بۆ داناوم، ئێوەش ئەو کاتە وەرن. سەعات چوار و دە دەققە لێ بووبووەوە، بە تیپەکەشی گوتبوو، زوبێر ئێمە ئیشمان هەیە، ئەوە دەگەڕێمەوە، ئەوەی بۆمان کردبوو. سەعات چوار چووبووە ناو ئێزگە و بە دە دەققان گۆرانییەکەی خۆی تۆمار کردبوو، ئێمەش بە تەواوی تیپەکەوە ڕاست چووینە ناو ئێزگەوە ئەو گۆرانییانەمان تۆمار بکەین.

**ڕامان:** هیچ گرفتێک بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەکەت دروست نەبوو؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو دوو گۆرانییەی ئیبراهیم سابیرمان تۆمار کرد، دوو گۆرانیی کۆرسمان تۆمار کرد، ئەو گۆرانییەی منیش بۆ دوایی مابووەوە، ئەو فوئاد ناوە گوتی ئاگاتان لێ بێ، پێنج دەققە ماوە، دوای ئەو پێنج دەققەیە ئێزگە دادەخرێ، گۆرانییەکەی منیش تەنیا پێنج دەققەیە، گوتیان بۆ تۆمار کردن دەست پێ بکەن.

**ڕامان:** بەو پێنج دەققەیە فریا کەوتی تۆماری بکەی؟

**سەلاح محەمەد:** باوەڕت هەبێ یەکەو جار تۆمارم کرد، ئیبراهیم سابیر لە سەعات چوارەوە تا شەش، چەند جارێکمان بۆ دووبارە کردەوە، تا بە تەواوی هات، هی من هەر یەکەو جار هات، سەرەتا گوتیان ئەوەیان تۆمار ناکەین، منیش یەکەم جار وام گوت، م. وریا ئەحمەد گوتی ئافەرین، ئەو گۆرانییە قورسە، چۆن یەکەو جار ئەو دوو کۆپلەیەت گوت؟

**ڕامان:** یەکێک لە گۆرانییە جوانەکانتە، قەت کۆن نابێ و لەبیر ناچێتەوە.

**سەلاح محەمەد:** هەر تەواومان کرد، ڕاست گوتی قەپات، ئێزگەیان قەپات کرد و هاتینە دەرێ، ئەو (بازان باز قەتار)ـە لەناو ئێزگە وا تۆمار کرا، دوایی وێنەمان گرت.

**ڕامان:** لە پاش چەند ساڵ وێنەتان گرت؟

**سەلاح محەمەد:** هەر لە هەمان ساڵ بوو.

**ڕامان:** بە ڕەنگاوڕەنگ، یان ڕەش و سپی تۆمار کرا؟

**سەلاح محەمەد:** دوایی بە ڕەش و سپی وێنەمان گرت.

**ڕامان:** تا ئێستا باسی دوو تیپمان کردووە، تیپی باواجی و تیپی هونەری هەولێر، ئەو دوو تیپە ئیشت تێدا کردوون و گۆرانیت لەگەڵیان گوتووە، هەموو ئەو ناوانەشت گوت کە پشتیوانی تۆ بوون و هانیان داوی گۆرانی بڵێی و بۆت تۆمار بکەن، تیپی دیکە هەن ئیشت لەگەڵ کردبن؟

**سەلاح محەمەد:** دوای ئەو تیپانە، لە ساڵی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ تا ڕاپەڕین، تیپی هونەری هەولێریشیان لەبەر دەستی م. وریا ئەحمەد دەرهێنا، هەندێک بۆ خۆیان ئیشیان کردووە، بەڵام ئەوکاتی من لە کۆیە بووم، لە ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٨٠ لە کۆیە بووم، لەو ساڵەوە هاتمە هەولێر.

**ڕامان:** ئەوە بوو م. وریا ئەحمەد لە هەولێر تیپی دیکەی دروست کرد، تیپی مۆسیقای زیل و بەم و تیپی خانزادی بۆ ئافرەتان دامەزراند.

**سەلاح محەمەد:** لە ساڵی ١٩٨٠ شەڕی نێوان ئێران و عێراق بەرپا بوو، ئەو شەڕە کە ڕووی دا، من هاتمە هەولێر، م. وریا ئەحمەد وەک سەرپەرشت لە تیپی هونەری هەولێر چالاکی نەمابوو، تا ڕاپەڕین ڕووی دا، هەموو دوور کەوتبوونەوە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی بێینە سەر ڕاپەڕین، چونکە ئەوە قۆناغێکی هەستیارە و قسەی زۆر

هەڵدەگرێ، لەبیرمە ئەوکاتە گەنج بووم کە سەردانی کۆیەم دەکرد، چەند جار خزمەکانم باسی تۆیان بۆ دەکردم، یەکێکیان ڕەوانشاد ئەمیر مستەفا بوو، کە لە کۆرسی تیپی باواجی بوو، ئازاد بیلال بەهائەددین کە دراوسێی ماڵی خاڵە تاهیر ئەحمەد حەوێزی بوو، بەهۆی ئەوانەوە بە کۆمەڵێک لە ئەندامەکانی ئەو تیپە ئاشنا بووم، زۆر ئێوارە کە پەراوەیان هەبوو، منیش لەگەڵیان دەچووم، دادەنیشتم و گوێم دەگرت، ئەوانیش پەراوەی خۆیان دەکرد، ئەو خزمانە باسی ئەوەیان بۆم گێڕایەوە و گوتیان گەمارۆیان دابووی ویستبوویان بتگرن، بەڵام خۆت بە دەستەوە نەدابوو، زۆر ئازایانە و چاپووکانە لە بن دەستیان خۆت ڕزگار کردبوو، ئەو مەسەلەیە چۆنە و چییە؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو ڕووداوە بۆ ساڵی ١٩٦٨ دەگەڕێتەوە، بۆیە ئێستاش حەز ناکەم باسی بکەم، چونکە ئەوە ململانێی نێوان جەلالی و مەلایی بوو، دەیانزانی کە من لەگەڵ جەلالییان نیم، ئەوە بوو شەوێک کە تۆزێک ناکۆکیمان لەگەڵ بەکری حەمە سۆیتەلی هەبوو کە ئێستا نەماوە، دووی دیکەشی لەگەڵ بوو، کە هەموویان جەلالی و چەکدار بوون، منیش لەگەڵ کوڕێک بووم ناوی خالید مەغدید، خالیدە ڕەشیان پێ دەگوت، هاتن گوتیان دەتبەین.

**ڕامان:** لە خۆیانەوە گوتیان دەتبەین، هەر لەبەر ئەوەی لەگەڵ بیروڕای ئەوان نەبووی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەو دەم مەڵبەند نەبوو، بارەگایان هەبوو، ئەوان هەر کەسێکیان بردبا لێیان دەدا، منیش کە لە چایخانە هاتمە دەرێ، گوتیان دەیبەین، خالید مەغدیدی برادەرم گوتی کوڕە بڕۆ هاتن.

**ڕامان:** ئەوانە چەکیان پێ بوو، یان بێ چەک بوون؟

**سەلاح محەمەد:** بە چەکەوە بۆ ئێمە هاتن، بەکری حەمە سۆیتەلی بە چەکەوە بۆمان هات، لێک هەڵبەزینەوە، دێم، نایەم، وەرە، نایەم، منیش بۆکسی ئاسنم پێ بوو، یەک بۆکسم لێ دا، وەک تۆپ بە عەرزم دادا، پێم بە غارەوە نا و هەڵاتم.

**ڕامان:** کە کەوتە سەر عەرز، بیرت لەوە نەکردەوە تفەنگەکەی ببەی؟

**سەلاح محەمەد:** دوایی بە خۆم گوت باشە بۆچی تفەنگەکەم نەبرد؟ نەمزانی شتەکە وا گەورە دەبێ، کە هەڵاتم ئەوان دوو سێ گوللەیان پێوە نام، بن دینگە بوو بەرم نەکەوت، بووە هەرایەک نەبێتەوە. لە بارەگاکەیانەوە چەکداری زیاتر هاتن، ئەو هەمووە دووام کەوتن، من چوومە گەڕەکی هەواوان، ماڵی کەمال کەریمی بەیتار کە ئێستاش ماوە، ئاخر زۆر برادەر بووین، چوومە لای، گوتی ئەوە چییە؟ وەرە بڕۆ ماڵی ئێمە، کەسمان لە ماڵەوە نییە، گوتی نازانم ماڵی خۆمان چوونەتە ماڵی کێ، ئەوەی گوت و دەرکەکەی داخست و گوتی منیش دەڕۆم، خۆ دەرکەی ناشکێنن.

**ڕامان:** دواتر ئەوانەی دوات کەوتبوون هاتنە ئەو گەڕەکەوە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، کە هاتن ئەو گەڕەکەیان هەموو پشکنی، گوتیان کوا ساحێبی ئەو ماڵە، ئەوە منیش لە ژوورەوەم، بەڵام دەرکەکەی لەسەرم کلیل دابوو و ڕۆیشتبوو، لە دەرکەیان دا، دراوسێکان گوتیان ئەوانە کەسیان لە ماڵ نین و ڕۆیشتوون، ئەوە بوو ڕزگارم بوو.

**ڕامان:** کە ئەوان ڕۆیشتن، تۆش دەمودەست لەوێ نەمای؟

**سەلاح محەمەد:** نا، ئەو شەوە تا بەیانی لەوێ

مامەوە، بۆ سبەی شەو برادەرەکەم هات گوتی هەستە برۆ، بیانگرتبای دەیانکوشتی. پێم گوت برۆ ماڵی ئێمە، هەندێک جلوبەرگم بۆ بێنە و من دەرۆم. بۆ سبەی شەو جلکوبەرگی لە جانتایەکی بچووکدا بۆ هێنام، هەندێک پانتۆڵ و کورتەک و شەلوارێک کە هەر لەوێ لەبەرم کرد، یەکسەر بەیانی پێش مەلا بانگدان لێم دا رۆیشتم و چوومە دەرێ.

**رامان:** ئیدی پێوەندیت بە شۆڕشەوە کرد.. گوتت بێجگە لەو دوو تیپە، ئیشت لەگەڵ هیچ تیپێکی دی نەکرد؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، لەپاش راپەڕین هەندێک سروودم تۆمار کرد، وەک سروودی (لاوەکان) و (گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن).

**رامان:** جارێ قسە لەپاش راپەڕین ناکەین، چونکە ئەوە قۆناغی دووەمە.. ئەی هیچ هەوڵت نەدا خۆت فێری ئامێرێک بکەی؟

**سەلاح محەمەد:** یەک دوو جار هەوڵم دا فێری ئامێری ئۆرگ بم، هەندێک خەریک بووم، هاوڕێیەکم هەبوو، فەخرەدین عیزەددین، هەموو جارێ دەیگوت تۆ زۆر زوو فێر دەبی، وەرە هەوڵ بدە، منیش لەبەر ئەوەی حەزم لە گۆرانی بوو، زۆر گوێم بە فێربوونی ئامێر نەدەدا، بەڵام ئەوەم باش بوو گوێی مۆسیقاییم زۆر بەهێز بوو، وای لێ هاتبوو هەموو جارێ کە مەقامم دەگوت مەلا ئەنوەر تاهیر دەیگوت ئافەرین ئافەرین، یان هەموو جارێ دەیگوت تۆزێک سەر کەوتی، بەڵام باش هێناتەوە، تێبینی دەدامێ و دەیگوت ئەوەت کرد و ئەوەت کرد.

**رامان:** وەک شایەتییەک من سەرنجم داوە، ئەو شیعر و میلۆدی و مەقامانەی کە لەم و لەو گوێت لێ بوون، ئێستاش لەو تەمەنەدا هەموویانت لەبیر ماون.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، هەموویم لە دانیشتنەکان گوتووە و گوتووەتەوە.

**رامان:** جگە لە حەزی گۆرانیگوتن، هۆی دیکە چ بوو فێری هیچ ئامێرێک نەبووی؟

**سەلاح محەمەد:** زیاتر حەزم لە گۆرانیگوتن بوو، بەڵام خۆ دەبوایە خۆشم فێری ئامێرێک بکەم.

**رامان:** مامۆستایان باکووری و زاهیری برات هیچ هەوڵێکیان لەگەڵت نەدا، یان بۆ فێربوون هانیان نەدای؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، لەگەڵ ئەوانە لە ساڵی ١٩٨٠وە تا راپەڕین لێک دابراین، پاش راپەڕینیش تیپی هونەری و تیپی مۆسیقای دی پەیدا بوون.

**رامان:** دوایی یەک یەک باسیان دەکەین و دەچینە ناو وردەکارییەکانەوە، بەڵام ئەوەی پێوەندی بەو قۆناغەی پێش راپەڕینەوە هەیە دەمانەوێ هەموو وردەکارییەکانی بزانین، لە کوێ شتێکت بەبیر هاتەوە، دیسان قسەیان لە بارەوە دەکەینەوە.. ئاوازی گۆرانییەکانت چەندیان هی خۆتن؟ یەکەم ئاوازت ساڵی چەند دانا؟

**سەلاح محەمەد:** ئاوازم هەیە، یەکەم ئاوازم کە تۆمارم کرد وەکوو سروود، سروودی لاوەکان بوو.

**رامان:** ساڵی چەند ئەو سروودەت دانا؟

**سەلاح محەمەد:** من پێشتر لە هەشتاکان دامنابوو، لە دوای راپەڕین، ساڵی ١٩٩٢ تۆمارمان کرد.

**رامان:** تا ئێستا چەند ئاوازت داناوە، سەرجەمیان چەندن؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوکاتی هەمیشە هەوڵمان

دەدا سروود دابنێین.

**ڕامان:** بەڵێ، ئەو سەردەمە سروود و گۆرانی نیشتمانی و سیاسی بۆ هۆشیارکردنەوەی ئەو میللەتە پێویست بوون.

**سەلاح محەمەد:** هەردووکیم تۆمار کرد، لە کۆیەش وێنەمان گرتن.

**ڕامان:** ئەوە دوای ڕاپەڕین بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ.

**ڕامان:** پێت نەگوتین ئەو ئاوازانەی خۆت داتناون ژمارەیان چەندە؟

**سەلاح محەمەد:** زۆرن، بە هی منداڵانیشەوە، نزیکەی (٢٠) دانە دەبن.

**ڕامان:** پێم بڵێ تۆ کە نازانی ئامێرێک بژەنی، چۆن فێری ئاوازدانان بووی؟

**سەلاح محەمەد:** هەر کەسێک کە هەست و گوێی مۆسیقایی هەیە، ئەویش وەک هەر موزیکژەنێک هەستێکی مۆسیقایی هەیە، کە یەکێک نەشازێک دەکات دەزانێ ئەوە نەشازە، دەزانێ ئەوە لادانە، من ئەو شتانەم هەبوو، هەستیشم دەکرد کام ئاوازەم ناوێ و پێم خۆش نییە.

**ڕامان:** چۆن ئاوازەکەت بۆ دەهات؟

**سەلاح محەمەد:** من لە خۆمەوە شتێکم دەگوت، دەمدی شتەکە جوانە، وردە وردە پەرەم پی دەدا، لەلای مۆسیقاژەنێک دەمگوت، دەیگوت ئەوە شتێکی جوانە، ئیدی شتێکمان بۆی زیاد دەکرد، شتێکمان لێ کەم دەکرد، ئاوازێکی خۆش دەردەچوو، هەموو ئاوازێکیش کە دادەنرێ وایە، هەر کەسێکیش کە ئاوازێک دادەنێ، هەوێنی ئاوازێکی تری هەیە، تامی لە شتێکی دیکە وەرگرتووە.

**ڕامان:** ئەو ئاوازدانانە پێوەندی بەوەشەوە هەیە کە تۆ زۆر گوێت لە فۆلکلۆر و حەیران و لاوک و گۆرانیی کۆن گرتووە، بۆ ئەوەی بە گیانێکی ڕەسەنانە و کوردانە ئەو ئاوازانە دابنێی؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئێمە لە کۆیە، کە بۆ خۆت دەزانی کۆیە میلۆدی فۆلکلۆری گەلێک زۆرە، بەتایبەتی لە مەقام و لە ئاواز زۆر دەوڵەمەندە، ئاوازەکانی هەمووی ڕەسەنن، بۆیە ئێمە بە لای شتی بێگانەدا نەچووین، هەمیشە کولتوور و فۆلکلۆری کۆیەمان وەردەگرت کە ئاوازیشمان دانا، لەوانەوە نزیک بوون.

**ڕامان:** پێموایە (سرووش- وەحی)تان لەو میلۆدی و ئاوازانەی کۆیە وەرگرتووە، نەک لە هونەری عەرەبی کە ئەو سەردەمە زۆر باو بوو. ئێوە کە گوێتان لە ئاوازی عەرەبی گرتووە و کەوتبێتنە ژێر کاریگەرییانەوە، ئێستا پاش ئەو هەموو ساڵەی داتناون، کە گوێ لە ئاوازەکانی خۆت دەگری، هەست دەکەی ئاوازێکی تێدا بێ لە ڕوحیەتی عەرەبی و ئاوازی عەرەبییەوە نزیک بێ؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر کەم، ئەگەر کاریگەریشی بەسەرەوە هەبێ زۆر کەمە، من ئاوازم داناوە، لە عەرەبییەم وەرگرتووە، بەڵام گۆڕانکاریم لە ئاوازەکەدا کردووە و نەمگوتووە هی خۆمە، گوتوومە ئەو شتەم لە عەرەبی وەرگرتووە، ڕوحیەتی کوردییشم تێ کردووە، باسم کردووە، جارێک شیعرەکەی گۆران «ئێوارەیە سا هەڵگرە گۆزەیی تازە، ڕێی کانی قوبان مونتەزیری جیلوەیی نازە»، ئاوازەکەم ئەوها گوتووە، زۆر کەس دەیانگوت بۆ دەیڵێی؟ دەمگوت ئەو ئاوازە لە بنەڕەتەوە عەرەبییە، «انا وخلي تسامرنا» ئەو ئاوازەیە، بەڵام ڕوحیەتی کوردییشم داوەتێ.

**ڕامان:** ئەوە ئاوازی عەباس جەمیل و گوتنی

(وەحیدە خەلیل)ـە، بەڵام ئەو ئاوازانەت کە دانــاوە پێــش ئــەوەی لــە ئێزگــە و تەلەڤزیــۆن، یــان لــە ئاهەنگێــک بیانڵێــی، کەســێک هەبــووە بــۆت دەســتکاری بــکات، ڕســتەیەکی مۆســیقیت بــۆ بگــۆڕێ؟

**سەڵاح محەمەد:** کە ئاوازم دادەنا، دەمگوت ئاوازەکە خۆشە، لە تیپ مۆسیقایان بۆ دادەنا.

**ڕامان:** تەنیا پێشەکی و دابەشکردن بووە؟

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، لە باواجی، من جارێک لە ئاهەنگی بووکێک بووم، بووکی ماڵی تەمەری.

**ڕامان:** تەمەر کەسە، ناسناوی خانەوادە، یان عەشیرەتە؟

**سەڵاح محەمەد:** تەمەر ناوی باپیرە گەورەیان بوو، کە بەناوبانگن و ئێستاش یەکێکیان ماوە.

**ڕامان:** ناوی باوکی نازانی؟

**سەڵاح محەمەد:** باوکیان ناوی تەمەر بوو، بنەماڵەکەیان بە تەمەر بەناوبانگ بوو، غەفووری تەمەری هەبوو، سەمەد بوو، ئەوجا یەکێک لەوانە ژنی دەهێنا، منیش چووبوومە ئەوێ گۆرانیم دەگوت، شەوێ ئەگلەنجەیان دەکرد، من منداڵ بووم، بەڵام حەزم لە گۆرانی بوو، حەمەدەمینە گۆجە هات کورتەک و شەلوارێکی جوانی ستارخانی لەبەر بوو، مشکییەکی لە سەری بەستبوو، هێنایان گوتیان ئەوە هات بەخێرێی، بەخێرێی حەمەدەمینە گۆجە، گوتی ئەی عەمرتان نەمینێ، ئەو هەمووە دانیشتوون، چۆن ئەگلەنجە ئاوا دەبێ، یەکێکتان گۆرانی نازانن، هەی داوەشێن، یەکسەر دەستی پێ کرد، «ئەوە هات دیسان هات، باڵابەرزەکەی خۆمان هات»، ئەوە فۆلکلۆری کۆیەیە.

**ڕامان:** دوایی ئەو گۆرانییەت لەگەڵ تیپی باواجی تۆمارت کرد؟

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، تۆمارم کرد، لە تیپی باواجی پێم گوتن ئەوەم لە حەمەدەمینە گۆجە گوێ لێ بووە. گوتیان شتێکی خۆشە، دەی با ئەوەش نوێ بکەینەوە، «ئەوە هات دیسان هات، باڵابەرزەکەی خۆمان هات»، شتێکی دیکەش هەبوو کە ئەویش فۆلکلۆری کۆیە بوو، جاران دەیانگوت «لەسەر کەپری سەپانان وەی دەبا خەپلێ وەت لێ بێ، ترشێ لە باینجانان» بە گۆرانی دەگوترا، هونەرمەند سەردار ئەحمەد گوتی بۆچی ئەو دووەی لێک نەدەین و بیکەینە یەک گۆرانی، ئیدی پێشەکی مۆسیقای بۆ دانا و تۆمارمان کرد.

**ڕامان:** هەر بە دەقی شیعرەکانی خۆیانەوە تۆمارتان کردن، یان دەستکاری تێکستەکانتان کرد؟

**سەڵاح محەمەد:** من شیعری «ئەوە هات»م هەموو دەزانی، بەڵام سەردار ئەحمەد چووبووە لای جەلال جۆباری شاعیر، گوتبووی لەسەر ئەو برگانە شیعرێکم بۆ دابنێ، گوزارشت لە خۆشەویستی بکات، ئەویش بۆی دانابوو، شیعرەکە ئەوەی کە گوتم «بە چاوی چاوەڕوانی لە ڕێی یارم دەڕوانی، کاتێ لە پڕ پەیدا بوو، دەرکەوت بە ڕەوتی جوانی، ئەوە هات دیسان هات»، ئەو دووەمان لێک دا و شتێکی جوانی زۆر خۆشی لێ دەرچوو، لە هەشتاکان لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی تۆمارمان کرد.